# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە


## دیموکراسی: لێکدانەوەکان و واقیعەت

گفتوگۆی ئەنتەرناسیونال لەگەڵ مەنسور حیکمەت...ل10

بەشی پێنجەم...


ساڵی هەشتەم ژمارە (174) بەرواری 1–9–2024


بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

مانگی دووجار، لە (1)و (15) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## وتەی ژمارە

## پرۆژەی ڕێکەوتنی هاوبەش بۆ دەستدرێژی بۆسەر منداڵان و کۆمەڵگە...

بە مەبەستی هەمواری یاسای باری کەسێتی، کە لەبنەڕەتدا نەک هەموار، بەڵکو هەوڵێکە بۆ بەیاسایی کردنی ئیغتیسابی مناڵان، هەردوو بلۆکی سیاسی "شیعەو سوننە" خەریکی سات و سەودایەکی قێزەون و نا ئینسانین. بۆ تێپەراندنی ئەم پرۆژە یاسا دژە ئینسانییە، بەجیا لە کۆنەپەست بوون و دژە ژن و دژە مناڵ بوون و مافەکانی مناڵان، هەردوو کوتلەی "شیعەی سیاسی و سونەی سیاسی" دەیانەوێت بە ڕیکەوتن ئەم پرۆژە یاساییە تێ بپەڕێنن. بە گوێرەی سەرچاوە میدیاییەکان، کوتلەی پەرلەمانی سونەکان ئامادەن دەنگ بەو پرۆژە یاساییەی کوتلەی پەرلەمانی شیعەکان بدەن، لەبەرامبەر بە بریاری پرۆژە یاسای لێبوردنی گشتی بۆ زیندانیانی سیاسی کەزوربەی هەرەزۆریان کۆنەبەعسی تۆمەتبار و هاوکاری داعش و چنگیان سورە بە خوێنی هاوڵاتیانی بێتاوان. لەبەرامبەر بە ئازادکردنی ئەو هەموو تۆمەتبارانە، سونەی سیاسی دەنگ بە پرۆژەی ئیغتیسابی مناڵان دەدەن کە کوتلەی شیعەی سیاسی لە پشتییەتی.



هەردوو پرۆژەکەو هەر دوو لایەنی "شیعەو سوننە"، بە ئەندازەی جەلادە تۆمەتبارەکان تۆمەتبار دەبن بە هێنانی ئەو پرۆژە یاسایە تا سەرمۆخ کۆنەپەست و نائینسانییە. چ پرۆژە یاسای هەمواری باری کەسێتی و چ ئەم ڕیکەوتنە قیزەونە بۆ تێپەراندنی یاسای باری کەسێتی، دوو دیوی یەک هەوڵی مەترسیدارن لەدژی هەموو بنەمایەکی ئازادی و مافەکانی ئینسان. لەهەر گۆشەیەکی ئەم دنیایەدا دەسەڵاتێک بایی سەرە دەرزییەک بروای بە ئازادی و مافی تاک و مافی ژن و مناڵ هەبێت... هەردوو لایەنی پشت ئەو دوو پرۆژە یاساییە بە یاسا دەدەنە دادگا و لێپرسینەوەی یاسایی، نەک ئەوەی مافی فەرمانڕەوایی و هێنانی پرۆژە یاسایی لەو جۆرەیان هەبێت...

لە هەموو وڵاتێکی مەدەنی و نادینیدا، هەڕەشەو توندوتیژی و لێدان و چاوسوکردنەوە لە مناڵان بەتاوان هەژمار دەکرێت و لە هەر خێزانێکدا رووبدات بەجیا لەوەی مناڵەکە لە خێزانەکە دەسەننەوە ئەوانەی توندوتیژی و ئازاری مناڵیان داوە، دەخرێنە بەردەم دادگا و لێپرسینەوە. بەو لۆژیکە زۆر ئاسایی و مەدەنییە، سەرجەم ئەو لایەن و

بۆ لاپەڕە 2

## موچەخۆرانی هەرێم نابێ باجی ململانێی بەغدا و هەرێم و دەباشان و سەری ڕەش بدەن⁉




دوای چاوەروانیەکی زۆری نزیک بە دوومانگ، موچەی مانگی هەشتی فەرمانبەرانی هەرێم لە بەغداوە هات!!، ئەوە لە کاتێکدایە موچەی مانگی حەوتی موچەخۆران هێشتا دابەش نەکراوە. بەپێی لێدوانی بەرپرسانی بەغداو بەشێک لە بەرپرسانی هەرێم، بەغدا موچەی مانگی

بۆ لاپەڕە 2

## هێرش بۆسەر هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران و تورکیا، هێرشە بۆسەر ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستان!



بەجیا لە هیرش و ملهوری بەردەوامی وڵاتانی ناوچەکە بۆسەر ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و تورکی، هاوکات دەسەڵاتی ناوەندی بەکردەوە بۆتە تەواوکاری ئەو هیرش و ملهوریانە.

لەچوارچیوەی سات و سەودای بەغدا و ئەنقەرە، چەندی حزبی سیاسی ئۆپۆزیسیۆنی نزیک لە

بۆ لاپەڕە 3



## کەمپەینی بۆپێشەوە

بەدژی یاسای هەمواری باری کەسێیتی و بەیاساییکردنی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منالآن...

دەیان ژن و پیاوی یەکسانیخواز و بەرگریکار لە مافی ژنان و منالآن، بۆ بۆپێشەوە دەدوێن...لاپەڕە 5–6

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- خاڵی چوونە ژوورەوەی کۆمۆنیستەکان بۆ دنیای ئەمڕۆ...................................ل3
- لە سەرمایەداریدا دیکتاتۆرییەت و نەبوونی دیموکراسی لە شوێنی کاردا.............ل4
- یەکێتی بۆ بێ دەنگە بەرامبەر بە لەشکرکێشی و ملهوری بەردەوامی................ل7
- یادێك لە یادی خەباتکارانەی هاوڕێیان "نەزیز عومەر، بەکر عەلی و جەمیل ئەمین"....ل9


## دۆسیەی ژمارە "سەبارەت بەهەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان"



هاوڕێ ئەحمەد عەلی وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە ل11–12


ل8_9 کۆشەی ئەدەب و هونەر

ل5 پرسی ڕۆژ

## درێژەی وتەی ژمارە

کوتلەیەی ئەو پرۆژە یاسایەیان هێناوە بۆ بە شودانی مناڵانی ٩ ساڵە یان خوار ١٦ ساڵ، مەحکوم بە لێپرسینەوەی یاسایی و تەنانەت زیندانی کردن. ئەوانەشی کە پشتیووانی پرۆژە یاسایەکی وا دەکەن بەهەمان شیوە مەحکوم بە لیپرسینەوەی یاسایین. پرۆژەی یاسای لیبوردنی گشتیش کە کوتلەی سوننەی پەرلەمانی هێناویانە، بە مەبەستی ئازادکردنی هەزاران و دەیان هەزار تۆمەتبار و بەتایبەتی بەشدار لەگەڵ هیزەکانی داعش و کۆنەبەعسیەکان و ئەنجامدەری تەقینەوە و کوشتن و سەربرین و ....تاد، دیسان تاوانێکی ترە بە حەقی ئازادی و مافەکانی ئینسان و ئەمنیەت و ئاسایشی هاوڵاتیان و لە هیچ جیگا و وڵاتێکی لانی کەمی هەڵگری مەدەنیەت، تۆمەتبارانی سیاسی و دەست هەبوو لەگەڵ باندی ئینسان کوژی وەکو داعش و بەشدار لە کردەوەی تیرۆریستی و ئینسان کوژیدا، لێبوردن نایان گرێتەوە و لە لێپرسینەوەی یاسایی قوتار نابن. ئەوانەی ئەو پرۆژە یاسایانەیان هێناوە و ئەوانەشی پشتیوانی دەکەن، دەچنە خانەی لیپرسینەوەی یاسایی بە هۆکاری ئازادکردنی تۆمەتباران و دوبارە بەرەڵاکردنەوەیان بۆ گیانی کۆمەڵگە تا تاوان و تاوانکاری بخولقێنن. ئەو مامەڵەیەی لە نێوان ئەم دوو رەوت و فراکسیۆنە پەرلەمانییە و بێدەنگەی حزب و لایەنە ناسیونالیستە کۆنەپەرستە کوردیەکان، ئەنجام دەدرێت، تاوانکارییەکی ئاشکرایە بەدژی سەرەتاییترین مافەکانی ئینسان و ماف و کەسایەتی ژن و مناڵان.

ئەگەر ئەم ڕیکەوتنە لەنێوان ئەم کوتلانەدا بە ئاکام بگات... لەلایەکەوە دەیان هەزار تۆمەتبار بەر دەدرێنەوە گیانی کۆمەڵگەو دەبنەوە مەترسی بەسەر سەری ئارامی و ئاسایشی هاوڵاتیان و لەلایەکی تریشەوە وەیشومەی دەستدرێژی سیکسی بۆ سەر مناڵان دەبێتە دێوەزمەیەکی مەترسیدار بۆسەر سەرجەم کۆمەڵگە.

ئیسلامی سیاسی شیعی کە باڵادەستی بەسەر عێراقدا هەیە، دەیانەوێت لە ڕیگای هێنانی یاسای کۆنەپەستانە و دژە ژن، هەمان ئەلگۆ و فۆرمی جمهوری ئیسلامی بەسەر کۆمەڵگەی عێراقدا بسەپێن و لەو ڕێگایەشدا ئامادەی هەموو سازش و ڕیکەوتنێکن لەگەڵ هەر لایەن و هیزێکی تری سیاسی.

هەوڵ بۆ ئیسلامیزە کردن و بە شیعەکردنی تەواوەتی دەسەڵات لە عێراق و داسەپاندنی ڕێساو یاساکانی شیعەی سیاسی بەسەر تەواوی کۆمەڵگەدا، لە کاتێکدایە کە خودی دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی لەبەردەم بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری دایە. ئیسلامی سیاسی شیعی لە زیاتر لە چوار دەهەی دەسەڵاتداریتی خۆیدا نەک نەیتوانی کۆمەڵگەی ئیران ئیسلامیزە بکات و ژنان لە ماف و ویستە مەدەنی و یەکسانیخوازەکانیان پاشەکشە پێبکات، بەڵکو ڕوو بەرووبونەوە لەگەڵ سیاسەت و ڕێسا و یاسا ئیسلامیەکان و دەسەڵاتی ئاخوندەکان، بووە مەیدانی نەبەردێکی گەورەی کۆمەڵایەتی ژنان و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی. سەر ئەنجامیش ئەو دەسەڵاتەی بە هیرش بۆسەر ژنان هاتە سەر دەسەڵات، کەوتە بەردەم جوڵانەوەی ئازادیخوازنەو ژنانی ئیرانەوە و سومبولەکانی لەچەشنی حجاب و نەریتە داسەپاوەکان، لە جەرگەی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی ماوەی ڕابردوودا، تور دران.

ژنان و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و بزوتنەوەی ئازادیخوازی لە عێراق و کوردستاندا، پێویستە لەدرێژەی نارەزایەتی ئیستای خۆیاندا بە دژی هەمواری یاسای باری کەسێتی، هاوکات بەدژی سات و سەودای لایەنەکان بۆ تیپەراندنی ئەو یاسا کۆنەپەست و دژە ژن و دژە بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی عێراق، لە ریزێکی فراوانی کۆمەڵایەتیدا ڕابوەستن. ڕووبەڕوو بووبەوە بەدژی هەمواری یاسای باری کەسێتی، یاسای لیبوردنی گشتی و ئازادکردنی هەزاران جەلاد و تۆمەتبار و ڕیکەوتنی سیاسی نیوان ئەم کوتلە کۆنەپەستە سونی و شیعیانەو بێدەنگەی دەسەڵاتی لغاوکراوی بزوتنەوەی کوردایەتی و لەبەرامبەر وەرگرتنی ئیمتیازاتدا، نەبەردێکی کۆمەڵایەتی گەورە دەخوازێت... پێویستە هەر کەس و لایەنێک و کە بڕوای مافی مرۆڤ بە ئازادی و پاراستنی مناڵ و مافەکانی هەیە و دژی دەستدرێژی سێکسییە بۆسەر مناڵان، لە ریزێکی گەورەی کۆمەڵایەتیدا بوەستن و هەموو شەقام و بەردەم بارەگای حزبەکان و سەرجەم دام دەزگا بەرپرسیارەکان بکەنە مەیدانی نمایشی جەماوەری و ڕەتکردنەوە و نا وتن بە یاسایی کردنی هاوسەرگیری شیعە و دەستدرێژی بۆسەر مناڵان، بەرگری کردن لە هاوسەرگیری مەدەنی.

پێویستە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری هاوکات یەخەی یوئین و ڕێکخراوە ئینسان دۆست و بەرگریکار لە مافەکانی مناڵان لەناوخۆی عێراق و کوردستان و دنیای دەرەوە بگرێت و تا لەو بارەیەوە بەرپرسیاریەتی خۆیان نیشان بدەن و ڕیگە نەدەن یاسایەکی ئاوا کۆنەپەرستانەی دژە مناڵ و ڕیکەوتنێکی ئاوا شەرماوەر، بچیتە بواری جێبەجێکردنەوە.

حەوت نانێرت، چونکە لە شەش مانگی ڕابردوودا بەغدا پارەی زۆرتری ناردووە و پێویستە لەو پارە زیادەیە موچەی مانگی حەوت دابەش بکرێت...

لەبەرامبەر بە دواکەوتنی موچە و زیاتر لەوەش کێشەی موچە بەشێوەیەکی گشتی، بەرپرسانی دەستڕۆشتوی هەرێم، بەغدا بە پەڵپ گرتن لە هەرێم و پابەند نەبوون بە ڕیکەوتنامەکان تۆمەتبار دەکات، لە بەرامبەردا بەرپرسانی بەغدا و تەنانەت بەشێک لە بەرپرسانی هەرێم و پەرلەمانتاران، دەسەڵاتی هەرێم بە بەرپرسیار دەزانن لە چارەسەر نەکردنی موچە، بەتایبەتی پابەند نەبوونی هەرێم بە ڕادەست کردنی داهاتە نەوتی و نانەوتیەکان، ناردنی لیستی جیاواز و نارۆشن. بەم شیوەیە موچەخۆرانی هەرێم کە هەموو پابەندیەکی خۆیان کە دەوامە جێ بەجێکردووە، کەچی لەململانێی نێوان بەغداو هەرێمدا، بوونەتە قوربانی و هەر جارەی بەپاساوێک و بە هۆکارێک کە پەیوەندی بەئەوانەوە نییە، موچەکانیان دوا دەوکەوێت.

ئەم دۆخە نەک تەنها کاریگەری لەسەر ژیان و گوزەرانی موچەخۆران کردووە، بەڵکو جموجۆڵی بازار و کار و کەسابەتی سست کردووە. لەو نێوەدا دەسەڵاتی دوو زۆنی هەرێم، خەریکن پرسی موچە دەخەنە ناو چوارچێوەی ململانێی نێوان خۆیان و کایەکی پیش وەختە هەڵبژاردنەکان. بە کردەوە موچەخۆران لە ئێستادا خراونەتە نێو بەرداشی ململانێی بەغدا و هەولێر و هاوکاتیش ماتریال و دۆسیەیەکی کایەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم.

دیارە ململانێی نیوان بەغداو هەولێر لە بنەرەتدا سیاسییەو پەیوەندی بەدەیان دۆسیەی ترەوە هەیە و لەپێش هەمووشیانەوە پرسی بریار و دەسەڵاتی سیاسی... بەغدا زوربەی دەسەڵات و توانای بریاردانی هەرێمی خستۆتە ژێر هەیمەنەی دەسەڵاتی فیدرالی بەغدا و دەیەوێت تەواوی دەسەڵاتە فیدرالی و لۆکاڵیەکان مل کەچی ناوەند بکات. پرسی دارایی و سامان و نەوت و سنورەکان و بەرگری... ئەو پرسانەن کە بەغدا دەیەوێت بەپێی دەستور و بریارەکانی دادگای فیدراڵی، بگێردرێنەوە بۆ ژێر هەیمەنەی ناوەند، دەسەڵاتی سیاسی هەرێم و بەتایبەتی پارتی لەگەڵ ئەوەدا جگە لە گەرانەوە و تەسلیم بوون بە بەغدا بژاردەیەکی تری نییە، بەڵام دەیەوێت دەستی لەچەند ئیمتیازێک گیر بێت، لەوانە پرسی هەمواری من بە فەرمی بناسرێت و بەشی لە دابەشکردنی موچەی موچەخۆرانی هەرێمدا هەبێت. هەروەها پرسی نوێنەرایەتی بەغدا لە هەرێمدا زۆرتر بە پارتی ببرێت... لەو نیوەدا ئەوەی بۆی گرنگ نییە پرسی موچەخۆرانی هەرێم و ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیانە. یەکێتی نیشتیمانیش بەجیا لەوەی خۆی بە خاوەنی هیچ کیشەیەکی نێوان بەغدا و هەولێر نازانێت، هێندەی بکرێت دەیەوێت گوشارەکانی بەغدا دەسەڵاتی هەولێر و پارتی لە مەنگە بدات و لەوەش زیاتر نارەزایەتی موچەخۆران و جەماوەری ڕووبەرووی پارتی بکات و شانی خۆی لە بەرپرسیاریەتی خاڵی دەکاتەوە. موچەخۆرانی هەرێم و جەماوەری ناڕازی هەرێم، نابێت مل بەو واقعە تاڵە داسەپاوە بدەن و باجی ململانێی بەغدا و هەرێم و دەباشان و سەری ڕەش بدەن. موچەخۆرانی هەرێم و هەردوو زۆنەکە پێویستە یەخەی دەسەڵاتی خۆجێی هەردوو زۆن و هەردوو دەسەڵاتەکە بگرن و بەریزی ریکخراو یەکگرتوانەی خۆیان موچە لە گەروی ئەو تاڵانچیانەی کورد دەربهێنن.

**ئەگەر ئەم ڕێکەوتنە لەنێوان ئەم کوتلانەدا لە پەیوەند بەهەمواری یاسای باری کەسێتی بە ئاکام بگات... لەلایەکەوە دەیان هەزار تۆمەتبار بەر دەدرێنەوە گیانی کۆمەڵگەو دەبنەوە مەترسی بەسەر سەری ئارامی و ئاسایشی هاوڵاتیان و لەلایەکی تریشەوە وەیشومەی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر مناڵان دەبێتە دێوەزمەیەکی مەترسیدار بۆسەر سەرجەم کۆمەڵگە...**

## دریژەی: هێرش بۆسەر هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران و تورکیا، هێرشە بۆسەر ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستان!

ئۆپۆزیسیۆنی تورکی، لەلایەن بەغداوە بە پاساوی بوونی پەیوەندی و وەرگرتنی هوکاری لەلایەنی دەرەکی بریاری داخستن و ڕیگە لە هەڵسوڕانیان گیرا. هاوکات حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی بەهەمان شیوە لەچوارچێوەی هیرشی بەردەوامدا، ئاگادارکراونەتەوە کە دەبێ بنکەو بارەگاکانی ئیستایان بگوازنەوە بۆ کە کەمپەکانی سورداش.

دەسەڵاتی سیاسی هەرێم راسپێردراوە بۆ جێ بەجێکردنی ئەم بریارانە و ئەوانیش بەکردەوە خەریکی جیبەجێکردنی ئەو مەئموریەتانەن کە بەغدا و دەسەڵاتی سیاسی پێ راسپاردوون.

چ بریارەکانی دەسەڵاتی سیاسی بەغدا و چ لایەنی جێبەجێکاری هەرێم، بە گرتنە بەری ئەم سیاسەت و مامەڵەیە لەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی و تورکی، ناوەرۆکی دژە ئازادی و سەرکوتگەری خۆیان دەخەنە ڕوو. چ دەسەڵاتی ناوەندی و چ دەسەڵاتی هەرێم، لەجێگای گوشار بردن بۆ وڵاتانی ناوچەکەو سنوردانان بۆ ملهوری و هیرشەکانیان و پیشێل کردنی ئیرادەی سیاسی سەربەخۆییان، خەریکی سات و سەوداو لەوەش زیاتر خەریکی توندکردنەوەی گوشارەکانیانن بۆسەر هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن.

دەسەڵاتی سیاسی بەغدا و هەرێم، ملهوری و هیرشی بەردەوامی سەربازی بۆسەر سنورەکان وقوڵایی عیراق و کوردستان و کرەوەی تیرۆریستی بە مەترسی لەسەر "سەروەری" و " یەکپارچەیی عێراق" و پیشلکاری نازانن، بەڵام بوونی بارەگاو هەلسورانی سیاسی هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بە مەترسی لە قەڵەم دەدەن و بەهەر ڕیگایەک بۆیان بکریت دەیانەوێت لە قاڵبیان بدەن و هەلسورانیان بە یاسا!! و بە پاساوی پوچ، یاساغ بکەن.

چ داخستنی ئەم حزبە سیاسیانەو چ گواستنەوەی هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بۆ سورداش و بۆ ناو کەمپەکان... هیرشێکی ئاشکرایە بۆسەر ئازادی سیاسی و ئەو پەراوێزە لە ئازادی سیاسی کە بەرهەمی کەشی نیوە کراوەی کۆمەڵگەو دەستکورتی لە قوتبی بوونەوەی دەسەلات لە ناوەندا بووە.

ئیستا کە بەغدا خەریکە دەسەڵاتی فیدرالی لە مەرکەزدا قوتبی دەکاتەوە و پەروبالی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردی کردووەو تا دێت دەسەڵات و بریاری سیاسی و ئابوری و ئەمنیان لەدەست دەردەکێشیت، دەیەوێت یەکێتی و پارتی وەکو دوو هیزی جێبەجێکار و گوێ لەمستی خۆی لەبەرامبەر بە هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و لەوەش زیاتر لەدژی ئازادی سیاسی و مافە فەردی و مەدەنیەکان، بەکار بهێنێت.

هەوڵێکی تری بەغدا لە هیرش بۆسەر ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی و تورکی، داماڵینانە لە چالاکی سیاسی و کردنیانە بە پەنابەر و ئاوارەو هەلاتوو. جیا لەوانە عیراق دەیەوێت لە ڕیگای ئەم گوشارانە بۆسەر هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن، پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ ولاتانی ناوچەکە ئابدەیت بکاتەوە و ئەو هیزانەش بکاتە قوربانی ئەو پەیوەندیانە.

دیارە بە هەر ئەندازە دەولەتی عیراق بتوانێت هیزەکانی ئۆپۆزیسۆنی وڵاتەکان، سەرکوت بکات و لە چالاکی سیاسیان بخات، بەهەمان ئەندازە، سەرکوتی سیاسی و هیرش بۆسەر ئازادییە سیاسیەکانی ناوخۆی هەریمیش زیاد دەکات و حەربەی سەرکوت بۆسەر بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و ئازادیخوازی پەرە پیدەدات. بۆیە پیویستە سەرجەم ئەو حزب و هیزە سیاسییانەی بڕوایان بە ئازادی سیاسی و بەرگری لە کار و هەڵسوڕانی سیاسی ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتانی ناوچەکە هەیە، لەدژی گوشار وبریارەکانی دەوڵەتی عێراق بوەستنەوە و هیزە دەسەڵات بەدەستەکانی هەریمیش ئەو راستییە بزانن، ئەو بریار و نەخشەی دەوڵەتی عیراق هەیەتی، ڕوو لەوانیشە و لە ڕەوتی خۆیدا ئەوانیش دەکاتە چەند هیزێکی کریگرتە بۆ جێبرجێکردنی راسپاردەکانیان.

لەو نێوەدا خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری کە واقعیەتیکی حاشالینەکراوی کۆمەڵگەیە، ئەرکیەتی بەدژی ئەم ڕەوتی سەرکوتگەری و هەنگاوە دژە ئازادییانە بوەستنەوە و ببنە هاوکاری هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتانی ناوچەکەوە هیزی بەرگری لە ئازادی هەڵسوران و پاراستنیان.

# خاڵی چوونە ژوورەوەی کۆمۆنیستەکان بۆ دنیای ئەمڕۆ

## نووسینی: عامر سابیر

خاوەندارێتی تایبەتی و بازار (بازاڕی ئازاد)، سیفاتی جیاکەرەوەی سیستەمی سەرمایەداری نییە لە سیستەمەکانی پێشوتری خۆی. بۆیە ناکرێ خاڵی سەرەکی چوونەژوورەوەی کۆمۆنیستەکانی ئەمڕۆ بێت بۆ دنیا. هەرچەندە لە کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستیدا خاوەندارێتی سۆشیالیستی جێگەی خاوەندارێتی تایبەتی ئەگرێتەوە، بەڵام خاوەندارێتی تایبەتی و بازار، ناکرێ خاڵی سەرەکی ڕەخنەی کۆمۆنیستەکانی ئەمڕۆ بێت لە سیستەمی سەرمایەداری.

خاڵی سەرەکی چونەژوورەوەی مارکس بۆ دنیای سەرمایەداری، یان ڕەخنەی سەرەکی کرێکارانی سۆشیالیست و کۆمۆنیستەکان لە سیستەمی سەرمایەداری، ڕەخنەیە لە پەیوەندی نێوان کرێکار و خاوەنکار لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا. واتە هەڵوەشاندنەوەی ئەوەی کە کرێکار هێزی بازوو یان بیری مێشکی وەک کاڵایەک بفرۆشێ بە خاوەنکار.

ئەم پەیوەندییەی بەینی خاوەنکار و کرێکار کە ئێستا لە سیستەمی سەرمایەداریدا لەهەر شوێنێکی کاردا هەیە، لە هەر کارگە و کۆگا و ئۆفیسێکدا هەیە، ئەم ڕێکخستنی پەیوەندییەی بەینی خاوەنکار و کرێکار کە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکاندا پەیڕەو ئەکرێ، خەسڵەتێکی تایبەتە بە سیستەمی سەرمایەداری. ئەم ڕێکخستنی پەیوەندییەی ئێستا لە سەرمایەداریدا لە نێوان کرێکار و خاوەنکاردا هەیە، لە سیستەمەکانی پێش سەرمایەداریدا نەبووە، وە لە سیستەمی دوای سەرمایەداریشدا، واتە لە کۆمۆنیزمیشدا نامێنێ.

لە سیستەمی کۆیلایەتیدا، کۆیلە بە هەموو بوونییەوە موڵکی خاوەن کۆیلە بووە، جا خاوەن کۆیلەکە (سەردار) یێک بووبێت یان دەوڵەت بووبێت. کۆیلە هێزی کاری نەدەفرۆشت و سەرداریش کرێی بە کۆیلە نەدەدا.

لە سیستەمی دەرەبەگایەتیشدا ڕێکخستنی پەیوەندی بەینی ڕەنجبەر و ڕەنجدەر بە شێوازێکی تر بوو. ڕەنجبەر (لۆرد، ئاغا، خاوەن زەوی) سەپاندبووی بەسەر جوتیاراندا (ڕەنجدەر) کە سێ ڕۆژی هەفتە ئیش بۆ ئەو بکرێ و سێ ڕۆژی تری هەفتەش ئیش بۆ خۆی بکات. وە ڕۆژانی یەکشەم یان هەینی، ڕۆژی پشووی بێت و بچێت بۆ کڵێسا و پەرستگا، تا لە خودا بپاڕێتەوە بۆی و تاعەتی بکات.

مێژووی بازاڕیش (بازاڕی ئازاد) هەزاران ساڵە و زۆر لە پێش سەرمایەدارییدا هەبووە و هەیە. کۆیلە لە بازاڕدا کڕین و فرۆشتنی پێوە ئەکرا. بازاڕی قەراغ گوند و حەوشەی کڵێسا، بازاڕی ناوەند و سەرای شار، شوێنی ئاڵوگۆڕ و فرۆشتنی پێداویستییەکان بووە، کە بۆ نموونە تیایدا هێلکە بە کراس گۆڕاوەتەوە، پەتاتە بە پێڵاو و ترێ بە گەنم و ....هتد.

لە ئەزموونی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، لینین لە 1923 دا، کە تا ئەوکاتەی توانای نووسینی هەبوو، نەی وت سۆشیالیزممان دامەزراندووە، بەڵکو بە سەرمایەداری دەوڵەتی وەسفی کرد بوو، لینین بەرچاوی ڕوون بوو، ئەیزانی کاری گەورەیان ماوە کە بیکەن، بەڵام ستالین لە 1928دا ڕایگەیاند کە سۆشیالیزم دامەزراوە و ئەوسەرمایەداریە دەوڵەتییەی دامەزرا بوو بە سۆشیالیزم وەسف کرد. ئەوان خاوەندارێتی تایبەتیان بە خاوەندارێتی دەوڵەت جێگرتەوە، وە بازاڕیان بە پلاندانان جێگرتەوە، بەبێ ئەوەی پەیوەندی کرێکار و خاوەنکار لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا بگۆڕن. ئەوان لە مایکرۆ ئیکۆنۆمیکدا هیچیان بۆ نەکرا و نەیانتوانی پەیوەندییەکانی بەینی کرێکار و خاوەنکار لە شوێنی کاردا بگۆڕن. ئەوان تەنها ماکرۆ ئیکۆنۆمیان جێبەجێ کرد و پلانیان دانا و دەوڵەتیان کرد بە خاوەنکارێکی گەورە و چەوسانەوەی کرێکار و کڕینی هێزی بازوو و بیری مێشکی وەک کاڵایەک هەر لە جێی خۆیدا مایەوە.

هەروەک چۆن لە سیستەمی کۆیلایەتدا هەندێ کۆیلە، سەردارەکان خاوەنیان بوون، وە هەندێکی تر دەوڵەت خاوەنیان بوو، بۆ کەسی کۆیلە هیچ جیاوازی نەبوو کە ئەوەی وەک کۆیلە ڕای گرتووە کەسێکی سەردارە یان دەوڵەتە. لە ئەزموونی شۆڕشی ئۆکتۆبەریشدا بەوەی خاوەندارێتی تایبەتیان بە خاوەندارێتی دەوڵەت جێگرتەوە، هیچ گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە ژیانی کرێکاراندا ڕووینەدا.

گەرچی چینی کرێکاری ڕوسیا لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا لە لایەنی سیاسییەوە سەرکەوتوو بوو، وە دەسەڵاتی سیاسی گرتە دەست، بەڵام لە لایەنی ئابورییەوە شکستی خوارد و نەیتوانی پەیوەندییەکانی شوێنی کار لە نێوان کرێکار و خاوەنکاردا هەڵوەشێنێتەوە و ئەمەش بووە هۆی سەرەکی شکستی ئەو شۆڕشە مەزنە.

مەنسور حیکمەت لە باسی سۆشیالیزم لە یەک وڵاتدا ئەڵێ "بەڕای من بناغەی سەرەکی شۆڕشی سۆشیالیستی، شۆڕشی ئابوورییە". لێرەدا مەبەستی حیکمەت لە شۆڕشی ئابووری، واتە هەڵوەشانەوەی پەیوەندی کرێکار و خاوەنکار لە شوێنی کار و لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا. کە بەداخەوە ئەم شۆڕشە ئابوورییە لە ئەزموونی سۆڤییەتدا جێبەجێ نەکرا و ئەمەش شکێنەری بڕبڕەی پشتی ئەو شۆڕشە مەزنە و ئەو ئەزموونەی چینی کرێکار بوو لە ڕوسیادا.

**عامر سابیر**

**28/08/2024**

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



# لە سەرمایەداریدا دیکتاتۆرییەت و نەبوونی دیموکراسی لە شوێنی کاردا

نووسین و ئامادەکردنی: عامر سابیر

## Corporationکۆمپانیا گەورەکان-

لەمڕۆی سیستەمی سەرمایەداریدا کۆرپۆرەیشن (کۆمپانیا گەورەکان) یەکەیەکی سەرەکی بەرهەمهێنانە لەم سیستەمەدا. ئەوە ڕاستە کە کۆمپانیای مام ناوەندی و بچوکیش هەیە، بەڵام بەشی زۆری ئەمانە بەستراونەتەوە یان پشتیان بەستووە بە کۆمپانیا گەورەکان. ئەم کۆمپانیا گەورانە (کۆرپۆرەیشین) خاوەن پشک، (شەیەر)ن( 1)، یان دابەشبوونە بەسەر (پشک)ەکاندا. لە ئەمریکا و لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا 0 1٪ی دەوڵەمەندترینەکان، خاوەنی 80٪ی هەموو پشکەکانن.

لە زۆربەی ئەم کۆمپانیایانەدا (کۆرپۆرەیشنانەدا)، دەستەی بەڕێوەبەرایەتی (زە بۆرد ئۆف دایرێکتەرەس)(٢) ئەم کۆمپانیایانە بەڕێوە ئەبەن. ئەم دەستەیە پێکهاتووە لە 10 بۆ 2 0 کەس. ئەمانە لەلایەن خاوەن پشکەکانەوە هەڵبژێردراون. کە بە پێی سیستەمی هەر پشکێک دەنگێک، خاوەن پشکەکان دەنگ دەدەن. بۆنموونە کەسێک 3 ملیۆن پشکی هەبێت، واتە سێ ملیۆن دەنگی هەیە. کەسێکی تر 100 پشکی هەبێت وایە سەد دەنگی هەیە و بەم جۆرە.

لەم کۆمپانیا عیملاقانەدا (کە هەیە لە دە هەزار کرێکارەوە بۆ سەدان هەزار ئیشی تیادا ئەکات) دەستەی بەڕێوەبەرایەتی هەموو بریارە چارەنووسسازەکان لەسەر کۆمپانیاکە ئەدەن. بۆ نموونە ئەوەی کەچی بەرهەم ئەهێنێ، چی تەکنەلۆژیایەک بەکار ئەهێنێ، بریاری ئەوەی کە لە کوێ پرۆسەی بەرهەمهێنان جێبگرێ، وە کێ بەکرێ ئەگرن (دائەمەزرێنن) بۆ ئەنجامدانی کارەکانی، وە لە هەمووشی گرنگتر چی لەو قازانجە ئەکرێ کە هەموو کرێکارەکان بەشداربوونە لە پێکهێنانیدا. هەموو ئەم بریارە گرنگانە لە لایەن 10 بۆ 20 کەسەوە ئەدرێ کە لە دەستەی بەڕێوەبەرایەتیدان (زە بۆرد ئۆف دایرێکتەرەس) کە دانراون لە لایەن 10٪ ی دەوڵەمەنترینەکان کە خاوەنی 0 8٪ی پشکەکانن.

یەکێکی تر لەو بریارانەی کە دەستەی بەڕێوەبەرایەتی (زە بۆرد ئۆف دایرێکتەرەس) ئەیدا ئەوەیە کە بەرپرسێک (مدیر عام)ێک هەڵئەبژێرێ و دائەمەزرێنێ (بەکرێ ئەگرێ)، کە بە (سی ئی ئۆ)(3) ناسراوە. لە کۆمپانیاکاندا (سی ئی ئۆ) قسەکەری ڕەسمی هەر کۆمپانیایەکە. دەستەی بەڕێوەبەرایەتی بریار ئەدا کە مووچەی ساڵانەی (سی ئی ئۆ) چەند بێت.

لە ئێستادا لە زۆربەی کۆمپانیاکاندا مووچەکانیان بە شێوەیەکی گشتی 300 بۆ 400 هێندەی کرێکارێکی کۆمپانیاکەیە. بۆ نموونە ئەگەر کرێکارێک ساڵانە پەنجا هەزار (50000) مووچەکەی بێت، ئەوا مووچەی (سی ئی ئۆ) پازدە ملیۆن بۆ 20 ملیۆن دۆلارە لە ساڵێکدا. لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا (1970)کاندا مووچەی (سی ئی ئۆ) 20 بۆ 25 جار زیاتر بووە لە کرێی کرێکارێکی کۆمپانیاکەی. بە پێی ڕاپۆرتێکی (ئی پی ئای)(4) کە بەراوردی مووچەی (سی ئی ئۆ) و کرێکارێکی ئاسایی لە ساڵی 1978 و 2022دا کردووە، ئەڵێ لە ماوەی ئەو 44 ساڵەدا مووچەی (سی ئی ئۆ) بە ڕێژەی 1209.2٪ زیادی کردووە، بەڵام مووچەی کرێکار لە هەمان ماوەدا بە ڕێژەی تەنها 15.3٪ زیادی کردووە.

کرێکار ڕۆژانە 8 بۆ 10 سەعات لە باشترین کاتەکانی ڕۆژی، لە کارکردن یان چوون و هاتن بۆ کار بەسەر ئەبات، بەڵام بەشدار نییە و پرسی پێ ناکرێت لە هیچ کام لەو بریارە گرنگانەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ و تەواوی بە ژیانی خۆی و خانەوادەکەی و ئەو شار و ناوچە و کۆمەڵگەیەوە هەیە کە تیایدا ئەژی.

پێناسەی سادەی دیموکراسی (هەڵبژاردن و دەنگدان) ئەوەیە کە ئەگەر بریارێک بدرێ و کاریگەری (تەئسیری) لەسەر تۆ هەبێ، ئەوا ئەبێت تۆ بەشداربێت لەو بریارەدا. هەر وەک چۆن بۆرژوازی خۆیان ڕادەدەن بەوەی کە دیموکراسی پەیڕەو ئەکەن و وەک مافێکی خەڵک وەسفی ئەکەن و ئەڵێن بەشداری لە دەنگدان و هەڵبژاردنی شارەوانی شارەکەت، پارێزگای شارەکەت، ئەندامانی پەرلەمان، مومارەسەی دیموکراسییە و دەنگ بدە بە نوێنەری خۆت، چونکە شارەوانی و پارێزگا و پەرلەمان ئەو بریارانەی کە ئەیدەن پەیوەندی بە ژیانی تووە هەیە، کەواتە ئەبێت مومارەسەی مافی دیموکراسی خۆت بکەی و برۆی دەنگ بدەی. بەڵام هەر سەرمایەداران و چینی بۆرژوازیی بەهیچ جۆرێک ڕێگە نادات دیموکراسی لە شوێنی کاردا پەیڕەو بکرێ. سەرمایەداران لە شوێنی کاردا دکتاتۆرییەتێکی موتڵەقیان سەپاندووە و هەموو بریارەکان دەوڵەمەند ئەیدا و کرێکاران کە زۆرینەن و بەرهەمهێنەری هەموو شتێکن، بەشداری لە هیچ کام لە بریارەکاندا ناکەن.

لەشوێنی کاردا، سەرمایەداران کە 10٪یان خاوەنی 80٪ی هەموو پشکەکانە، ڕێگە نادەن کرێکاران لە هیچ کام لەو بریارە چارەنووسسازانەدا بەشداربن کە بەتەواوی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیان و بە مانی کرێکارەکەوە هەیە. ئەگەر سبەی بریاری دا کە کارگەگەی دادەخات و هەموو کرێکارن بێکار ئەکات و ئەچێت بۆ وڵاتێکی تر یان ناوچەیەکی تر چونکە هێزی کار هەرزانترە و قازانجی زیاتر کەڵەکە ئەکات، ئەوا پرس بە کرێکار ناکەن. ئەگەر سبەی بریاریان دا فلان موادی کیمیایی لەبەرهەمهێناندا بەکاربهێنن، وە ئەگەر ئەوەی بەکاریان هێناوە ژینگە و ئاوی ئەو شار و ناوچەیەی کرێکارەکە لێی ئەژی ژەهراوی بکات و خۆی و منداڵ و دراوسێکانی هەڵیمژن، ئەوە هیچ پرسیارێک بە کرێکار ناکرێ و لە بۆچوونی ناپرسرێت. ئەگەر سبەی تەکنەلۆژیایەکی تازەیان هێنا، لە جیاتی ئەوەی سەعاتی کاری کرێکارەکان کەم بکەنەوە، نیوەی کرێکارەکانیان دەرکرد و بێکار کرد، ئەوە پرس بەکرێکار ناکەن. کرێکار هیچ بەشدار نییە لە بریاری ئەوەی کرێکەی چەند بێ، کارەکەی چۆن بێ، ئابووری و تەندروستی ژینگەی ئەو کۆمیونیتییەی لێی ئەژی چۆن بێ. هەموو ئەم بریارە گرنگانە لەسەرو ئیرادەی ئەوەوە بریاری لەسەر دراوە.

ڕەنگە لە دەرەوەی شوێنی کار پرسە گورگانەیەکت پێ بکەن و دەنگ بدەی لە پرۆسەی سیاسیدا بۆ هەڵبژاردنی ئەندامی پەرلەمان یان ئەندامی شارەوانی، بەڵام هەر ئەوەندەی پەڕیتەوە شوێنی کار، جا کارگە بێت، کۆگا بێت یان دائیرە بێت، ئەوە لە کایەی دیموکراسی بۆرژوازی دەرچوویت و هیچ مافی دەنگدانت نییە. هیچ پرسیارت لێ ناکرێ لەسەر ئەو بریارە گرنگانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە ژیانی خۆت و خانەوادە و کۆمەڵگەکەتەوە هەیە. کە ئەچیتە شوێنی کار پێت ئەوترێ کە چی بکەی، چۆن بیکەی، لە کوێ بکەی و کەی بیکەی. وە لە کۆتایی ڕۆژەکەدا ئەچیتەوە ماڵەوە و خۆت حازرئەکەی کە ڕۆژی داهاتوو بێیتەوە و پێت بگووترێ چی و چۆن و لە کوێ و کەی. ئەمە هەرگیز ئازادی نییە. خۆ ئەگەر ڕازی نەبی و واز بهێنی، ئەوا ناچاری بچیتە لای خاوەنکار و کۆمپانیایەکی تر کە کەم وزۆر بە هەمان جۆر بەرخوردت لەگەڵ ئەکا و ئازادیت لێ زەوت ئەکات و ڕێگە بە دیموکراسی نادات لە شوێنی کاردا.

کۆمپانیاکان دژی دیموکراسین. سەرمایەداران و چینی بۆرژوازی بەهیچ جۆرێک ڕێگە نادات دیموکراسی لەشوێنی کاردا جێبەجێبکرێ. ئەمریکا و وڵاتانی سەرمایەداری هەزاران کیلۆمەتر ئەبڕن وڵاتان داگیرئەکەن و شەڕ ئەخوڵقێنن ئەڵێن دیموکراسیان بۆ ئەبەین. ئەمە لە کاتێکدا لە وڵاتانی خۆیاندا لە شوێنی کاردا دکتاتۆرییەت ئەسەپێنن و بەهەموو جۆرێک دژی دیموکراسین لە شوێنی کاردا(5).

لە بەدیلی ئەم سیستەمەدا، لە سۆشیالیزمدا، لە هەرەوەزی کرێکاریدا، ئەوە کرێکارانن، بەرهەم هێنەرانی ڕاستەقینەن، کە بە هەرەوەزی و ڕاوێژکردن پێکەوە هەموو بریار ئەدەن، کەچی لە خزمەت و بەرژەوەندی خۆیان و هەموو کۆمەڵگاکەیاندایە ئەیکەن. لە هەرەوەزی کرێکاریدا ئامانجی پرۆسەی بەرهەمهێنان خۆشگوزەرانی خۆیان و کۆمەڵگەکەیانە، نەک قازانج و کەڵەکەکردنی سەرمایە لەسەر حیسابی شیلەی گیان و ژیان و چەوسانەوەی کرێکاران.

تێبینییەکان:

1

Share

2

The Board of Directors

3

CEO = Chief Executive Officer

4

Economic Policy Institute (EPI). Lawrence Mishel and Jori Kandra's 2023 report titled "CEO pay has skyrocketed" CEO were pain 344 times as much as a typical worker in 2022.

5

سەرچاوەی ناوەڕۆکی ئەم وتارە، بەرنامەی (ئیکۆنۆمیک ئەپدەیتە) کە لە لایەن (ڕیچارد ۆلف)ەوە هەفتانە لە ئەمریکا پێشکەش ئەکرێ. لینکی ئەم بەرنامەیە کە لە جەنیوەری 2024 دا بڵاوکراوەتەوە ئەمەی خوارەوەیە:

https://www.youtube.com/watch?v=Eh44qQK5av4

عامر سابیر

28/08/2024

پرسی رۆژ گۆشەیەکە ئاراس رەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە رێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

# پرسی رۆژ

## کەمپەینی وەستانەوە بەدژی هەمواری یاسای باری کەسێتی یاسای ١٨٨ ی عێراقی

## ژمارەیەک لە ژنان و پیاوانی بەرگریکار لە مافەکانی ژنان، سەبارەت بە هەمواری یاسای باری کەسێتی بۆ بۆپێشەوە دەدوێن...

پرسی رۆژ: هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی لەعێراق وراوسەرنجی کەسانی ئازادیخواز

لەدوای رووخانی رژێمی بەعس و هاتنە سەرکاری دەسەڵاتی قەومی و تایەفی و دینی لەعێراق، چەند جارێک هەوڵدراوە یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ و بەتایبەت برگەکانی تایبەت بە تەمەنی هاوسەرگیری کچان وتەڵاق ومیرات و نەفەقە هەموار بکرێتەوە. جارێک بەناوی جێگرتنەوەی شەریعە بۆئەو یاسایە وجارێکی تر بەناوی یاسای جەعفەری لە ٢٠٠٣ وەوە، حزبە ئیسلامیەکان و بەتایبەت باڵی شیعە دەستپێشخەریان کردووە. ئێستاش جاریکی تر هەوڵێکی تر لە لایەن فراکسیۆنی شیعەکانەوە و بە سات و سەودا لەگەڵ کوتلەی سونی لە ئارادایە بۆ هەمواری یاسای باری کەسێتی، کە رێگەدەدات بە هاوسەرگیری منالان لە ٩ی نۆ ساڵەو هاوکات دەستی سەرۆک عەشیرەت و پیاوانی ئایینی ئاوەڵادەکات، لە دەرەوەی یاساش کرین و فرۆشتن بە ژنان و بەتایبەت منالانەوە بکەن.

پرسی رۆژ: بەبڕوای ئێوە هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە یانی چی؟

**پەخشان کاکەوەیس (راهێنەر وتوێژەر لەپرسی جێندەر)**



یاسای باری کەسێتی لە عێراق بەڕای من ئەم هەموارکردنە دەسەڵاتێکی فراوانتر دەدات بە پیاوانی ئاینی بۆ رێکخستنی ژیانی هاوسەری و کاروباری خێزانی، بەپێی فەتواکانی مەزهەبە جیاوازەکان کە ناگونجێت لەگەڵ بڕگەکانی یاساکە، کە زیاتر لە نیو سەدەیە جێبەجێ دەکرێت. ئەمە یەکێی تر لەو هەوڵانەیە کە ئیسلام وەک پەردەیەک بۆ بەدیهێنانی ئەجێندای سیاسی خۆیان بەکاردەهێنن. زۆربەی یاساناس و چالاکوانان پێیان وایە، ئەم جۆرە هەموارکردنە "پەردەپۆشێکی یاسایی" دەدات بەو پیاوە ئاینیانەی کە هاوسەرگیری بەناو شەرعی لە دەرەوەی دیواری دادگاکانی عێراق ئەنجام دەدەن. لە هەموارە پێشنیارکراوەکە ئارەزووی سیاسی دەردەکەوێت بۆ بەهێزکردنی رۆڵی مەلاکانی شیعە و سوننە (بەتایبەت شیعە) لە کۆمەڵگەدا لەڕێگەی گۆڕینی فەتوای فقی بۆ »یاسا«، ئەمەش تووڕەیی بەرهەڵستکارانی لێکەوتەوە، چونکە زیانێکی گەورە بە ژیانی شەخسی کۆمەڵگە ئەگەیەنێت. زۆربەی یاساکانی عێراق پێویستیان بە هەموارکردنەوە هەیە بۆ ئەوەی لەگەڵ بارودۆخی سەردەمی ئێستادا بگونجێن، ئەمەش شتێکی ئاساییە لە زۆربەی وڵاتان. بەڵام من پێموایە کێشەی یاسادانان یان هەموارکردنی یاساکان لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ ئەوەیە کە زۆربەیان بەهۆی پاڵنەری سیاسین و ڕاوێژ بە پسپۆڕان ناکرێت، یان گفتوگۆ لەگەڵ نوخبەی کۆمەڵگە ناکرێت بۆ ئەوەی یاساکە ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە بێت. پەرلەمان لەکاتێکدایە دەستی بردووە بۆ بابەتێک کە عێراق ڕووبەڕووی کۆمەڵێک قەیران دەبێتەوە؛ بۆ نموونە خراپی خزمەتگوزارییەکان و نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی. لەم کاتە هەستیارە کە عێراق لە چەقی گەردەلوولی سیاسی و ئەمنی ناوچەکەدایە و گەلی عێراق چەندین ئەولەویەتی هەیە. من پێم وانییە ئەم هەنگاوە سەرکەوتوو بێت بە تایبەت کە لە هەموو لایەک دەنگی نارەزایەتی بەرزبۆتەوە.

**مریەم عەبدولرەحمان(داکۆکیکار لەمافەکانی ژنان)**



رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەهەلومەرجێکی قەیراناویدایە. جەنگ و ئاوارەیی وبێکاری ...تاد، باڵی کێشاوە بەسەر ژیان و گوزەرانی کۆمەڵایەتی و ئابووی و سیاسیدا. ئەم هەلومەرجە زەمینەیەکی بەپیتە بۆگەشەی کۆنەپەرستی ودواکەوتوویی لەرێگەی کەلتووری عەشاییری و ئایینەکانەوە بەتایبەت ئیسلامی سیاسی (نموونەی تالیبان وداعش وئێران وسعودیە). لەعێراقیشدا هەژموونی ئێرانی شیعەگەرا لەهەوڵی زیاتردایە بۆداسەپاندنی مەزهەبی شیعە. ئەم هەنگاوە لەرێگەی یاساوە بۆگۆڕینی نەسیجی (نەخشوچنینی) کۆمەڵایەتی و دەستوەردان لە وردەکاری ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە وەک (هاوسەرگیری، نەفەقە، جیابوونەوەی دوو هاوسەر، میرات...تاد) خۆشکردنی رێگەیە تا کۆمەڵگە بەرەوئاقاری دواکەوتوویی بەرن.

کۆمەڵگە بەگشتی و ژنان و کچانی منداڵ هەمیشە نێچیرێکی ئاسان و بەردەستبووە بۆ هێرشکردنە سەریان و داسەپاندنی بیری دواکەوتوویی کۆمەڵگەی ئایینی وتایەفەیی وعەشایری بەسەردا بسەپێنن.

ئەو بەندانەی لەو یاسا پێشنیارکراوەیەدا خراوەتە روو بەگشتی، و ئەوەی تایبەتە بەدیاریکردنی هاوسەرگیری کچانی منداڵی ٩ ساڵە؛ دەستبردنێکی دڕندانە و نامرۆڤانە وناشارستانیانە و نایاساییە. نایەکە بەهەموو پێوەرەکانی ژیانی سەردەم. پێویستی بەنایەکی مەزن و هێزێکی مەزن هەیە کەپێکهاتبێت لەهەموو ئینسانێکی عێراق و کوردستان و دنیای شارستانی و پێشکەوتنخواز. لەئێستادا بەهەمووومان دەبێ ئەو هەموارکردنەوەیە بوەستێنین، بۆیە ڕێکخراوبوون ویەکڕیزی پێویستە.


**گەشاو رەحیم هەڵسوراوی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان...**



هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی لەعێراق؛ بەمانای دەست خستنە سەر پلەدوویی ژنان و گەڕانەوەیانە بۆ کونجی ماڵەوە، و بێڕێزیکردنە بەتەواوی کۆمەڵگە. لە ساڵی ٢٠١٧ شیعەکانی ناو پەرلەمان هەوڵێکی تری لەو جۆرەیاندا، بەڵام کەوتنە بەرامبەر نارەزایەتییەکی زۆرو شکستی هێنا. دووبارە هەوڵدانەوە بۆ بەعەمەلی کردنەوەی توندوتیژی و سوکایەتی کردن بە کچان و ژنان و ڕێگاگرتن لەبەرەو پێشچوونی کۆمەڵگەی مەدەنی، و ڕێگاخۆشکردن بۆ دەست ئاواڵەکردنی پیاوانی ئاینی بۆ دەستدریژی کردنی سێکسی بەناوی زەواجی موتعەو سیغەو لەش فرۆشی و کڕین و فرۆشتنی کچان، و زیاتر ڕەسمییەت دان بە هاوسەرگیری کچانی تەمەن نۆساڵ و گیرانەوەی مەترسییەکی گەورە بۆ سەر کۆمەڵگە، و هێنانە دواوەی چەند هەنگاوێگ لە مەدەنیەتی کۆمەڵگە و دەست ئاواڵە بوونی دینەکان.

ئەم هەوڵە قیزەونانەی شیعەکان و بە شیعە کردنی کۆمەڵگە، لەلایەن ژنان و پیاوانی ئازادیخوازو یەکسانیخوازو ڕیکخراوو لایەنە داکۆکیکارەکان لەمافەکانی ژنان و ڕیکخراوەکانی داکۆکی لە منالان ئەتوانن ڕیگری لە بەشودانی مندالانی خوار تەمەمی ١٨ ساڵ بگرن، و سەودا بە لەش ولاری ژنانەوە نەکرێت. پێکەوە بەر بەو هێرشە بگرین و نەیەڵین کوردوستانیش ئەوەندەی تر بکەنە گۆڕستان بۆ ژ نان و کچان.

**نەجیبە مەحموود (رۆژنامەنووس و راگەیاندنکار):**



چاکسازی لە یاسای باری کەسایەتی لە عێراق؛ واتە گۆڕین ونوێکردنەوەی یاسا ورێساکانی پەیوەست بە پرسی خێزان ومافەکانی تاک کە لە ژێر کاریگەری کولتوور وئایین وسیاسەتە هەبووەکاندایە. ئەم چاکسازیانە دەبێت بەزۆری بۆ باشترکردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ومافی ژنان و گۆڕینی تەمەنی هاوسەرگیری و باشترکردنی پرۆسەی جیابوونەوە و میرات و باشترکردنی یاساکانی چاودێری و سەرپەرشتیکردنی منداڵ ئەنجام بدرێن، لەسەر بنەماکانی ماقی مرۆڤ دوور لە کاریگەری ئاینیی ومەزهەبی ...

بەڵام هەوڵی لایەنە ئیسلامیەکان و بەتایبەت فراکسیۆنی شیعە بۆ گۆڕینی شەریعەت بە یاسای جەعفەری، ئاماژەیە بۆ هەوڵدان بۆ دروستکردنی چوارچێوەیەکی یاسایی کە زیاتر لەگەڵ پرەنسیپ و بەها ئاینییەکانیاندا بگونجێت.


بێگومان ئەم بە ناو چاکسازیانە دەتوانن کاریگەریی نەرێنی قووڵیان هەبێت لەسەر پێشێلکردنی مافە تاکەکەسیەکان و کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤەکان، بەتایبەتی ژنان، لە عێراقدا.

**فرمێسک وریا قانیع (مامۆستا):**



سڵاو؛ دەمەوێت بڵێم عێراق وڵاتێکی ئیسلامی نییە (لانی کەم وەک ئێران و ئەفغانستان) گەرچی زۆربەی ئەو یاسایانەی تایبەتن بە خێزان و ئافرەت لە شەریعەتەوە سەرچاوە دەگرن. سەبارەت بە هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسیەتی ژمارە ١٨٨ کە تێدا کچ بۆی هەیە دوای ١٨ ساڵی هاوسەرگیری بکات و دەیانەوێت بگەڕێینەوە سەردەمی جاهلی و لە نۆ ساڵان مافی منالی کچ زەوت کەن لە فێر بوون و خوێندن و گەشەکردنێکی سروشتی و تەندروست لە ژینگەیەکی لەباردا کە لەم تەمەنەدا مافی خۆیەتی منالی خۆی بژی بە یاریکردن و گەڕان بە دوای فێربوون و دۆزینەوەی حەزو ئارەزوەکانی، دەیانەوێت بیخەنە ژێر بەرپرسیاریەتیەک کە زۆر زۆر دووره لە دروستبوون و تکوینی مێشک و جەستەی لەو تەمەنەدا، کە خۆی پێویستی بە رێنیشاندەرێکە و پێویستی بە دەستێکی دڵسۆزانەیە بەسەریدا بهێنرێت لە لایەن باوک و دایکیەوە، نەک نازو رغبەتی هاوسەر جێبەجێ بکات کە ناشارەزایە پێی! بۆیە بە پێویستی دەزانم زۆر بە جدی دژی ئەم هەموارکردنەوەیە بوەستین، و ئەو ئەندام پەرلەمانەی ئەم پڕۆژە یاسایەی داناوە کەسەر بە مەزهەبی شیعەیە سزا بدرێت و حصانەی پەرلەمانی لێ

وەربگیرێتەوە، ئەمە لە لایەک. لە لایەکی ترەوە وەرگرتنەوەی حەزانەی مناڵ لە دایک و گەڕانەوەی بۆ باوک زوڵمێکی گەورەیە لە منداڵەکە دەکرێت پێش دایکەکە؛ چونکە لای هەموان ئاشکرایە ئەو میهرەبانی و هەست وسۆزەی دایک دەیبەخشێتە منداڵەکەی، لای باوک دەستناکەوێت، یان بەو جۆرو کوالیتیە نییە، چونکە غەریزەی دایکایەتی نموونەی نییە. هەروەها ئەم هەموارکردنەوەیەش کارێکی نابەجێیە سەبارەت بە بڕینی نەفەقەی ژن خۆ خۆیان زۆر باش دەزانن و هەر بەپێی شەرعی ئیسلام هەموو بژێوی ژیان و خێزان لەسەر پیاوە! گەرچی ژنەکە دەوڵەمەندو پارەداریش بێت، کە ئەمە قسەی مەلاکانە. ئەدی بۆچی ناحەقی بەرانبەر بە ژن دەکرێ و نەفەقەی دەبڕن. لێرەدا پیاوسالاری دەردەکەوێ کە زۆربەی کۆمەڵگە بە دەستیەوە دەناڵێنێ.



**لانە کرمانج (پزیشکی نەخۆشییە دەروونییەکان ,پسپۆڕی نەخۆشییەکانی زمان و قسەکردن لەئەمریکا)**


کارکردن لەسەر هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی لە پەرلەمانی عێراق: ئەوە هەوڵێکی ئێجگار مەترسیدارە لۆ ڕێگەدان و بەیاساییکردنی تاوانێکی ئێجگار گەورە بەگوێرەی هەموو بنەما جیهانییەکان و دەزگایە تەندرووستییە جیهانییەکان، کە ئەویش دەستدرێژیی سێکسی (Sexual Abuse)یە لۆ سەر منداڵ. بەگوێرەی هەموو بنەما جیهانییەکان، ئەو کارە دەستدرێژیی سێکسییە، توندوتیژییە، دژی مافەکانی منداڵە، دژی مافەکانی مرۆڤە، منداڵبازییە، زەبردانە، و تاوانە، لە ڕووی دەروونی و عەقڵی و جەستەیی و سێکسی و عەتفییەوە، لۆ سەر منداڵ. بەهۆی ئەو دەستدرێژییەوە، منداڵ تووشی دەیان کاردانەوە و نەخۆشیی دەروونی و عەقڵی و جەستەیی و سێکسی و کۆمەڵایەتی، لە ئێستا و داهاتوو، دەکاتەوە. بەگوێرەی هەموو بنەمایە جیهانییەکان، ئەو کارە تاوانە. هەر کەسێک ئەوە بکا، تاوانکارە و سزا دەدرێ. تێپەڕاندنی ئەو یاسایە تاوانێکی زۆر گەورەیە و، دەبێ ئەرکی هەموو مرۆڤێک بێ تا ڕێگری لێ بکا.



**هاوژین زێبا (توێژەری دەروونی و فێمێنیست)**

لە سەردەمی بانگەشەی پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا، ناسنامەی "ژن- بوون" لە عێراق و هەرێمی کوردستان هێشتا لە قۆناخی گرۆگاڵدایە و لەبەر ئەوەش لە مەترسیدایە. هەوڵی دواکەوتووانە بۆ هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی لە عێراق - کە دەیەوێت ڕێگە بە بەشوودانی کچانی تەمەن نۆ (٩) ساڵ بدات و شەرع پێش یاسا بخات. لە هەر گۆشەنیگایەکەوە لێی بڕوانرێت لە قازانجی ژمارەیەکی تایبەت لە پیاوان. لە حاڵەتی هەموارکردنی یاسایەکی وادا تەنیا پێدانی ئیمتیازی جنسی زیاترە بەو جۆرە پیاوانە و بێگومان پێشێلکارییەکی ئاشکرای مافی مرۆڤە. ئەم هەوڵە نیشانەی گەڕانەوەیە بۆ سەردەمێکی تاریک کە تیایدا منداڵان، بەتایبەت کچان، تەنها وەک کاڵا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و لە مرۆڤایەتی دادەماڵرێن. ئەمە دژی هەموو بنەما زانستی و دەروونناسییەکانە کە گرنگیی قۆناغی منداڵی بۆ گەشەی تاک دەسەلمێنن. ژن بوون، هەروەک پیاو بوون، پرۆسەیەکی درێژخایەنە کە لە منداڵییەوە دەست پێدەکات و پێویستی بە کات، هەل و دەرفەتی گەشەکردن هەیە و بێگومان لە دۆخی ئازادیشدا. بەشوودانی کچانی منداڵ هەر دزینی منداڵی نییە لە مرۆڤی ژن، بەڵکو کوشتنی داهاتووی ئەو و نەوەیەکیشە. ئەم بیرۆکەیە هەڕەشەیە لە خەون و دەنگ و توانا و بەهرە جیاوازەکان، زۆر پێش ئەوەی دەرفەتی گەشەکردنیان هەبێت. ئەمە توندوتیژیی سیستەماتیکە دژی ژنان کە لە منداڵییەوە دەست پێ دەکات و کاریگەریی نەرێنی لەسەر کۆی کۆمەڵگە جێدەهێڵێت. یاساکان دەبێت پارێزەری ماف بن، نەک ئامرازی چەوساندنەوە.

**توانا نوری( کۆمۆنیست وچالاکوانی سیاسی)**



بابەتی هاوسەرگیری لە قورئاندا باس نەکراوە. بەڵام فەقیهە جیاوازەکانی ئیسلام هەریەکەو بە جۆرێک چارەسەری بۆ دۆزیوەتەوە. حەنبەلی و مالیکی و شافیعی و حەنەفی و جەعفەری بە بۆچونی خۆیان وەڵامیان بە پرسی هاوسەرگیری داوەتەوە. مەزهەبی مالیکی دەڵێ لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا کوڕ و کچ بۆیان هەیە هاوسەرگیری بکەن، مەزهەبی حەنەفی ١٧ بۆ کچ و ١٨ بۆ کوڕ، شافیعی و حەنبەلی ١٥ ساڵ بۆ کوڕ و کچ و جەعفەریش دەڵێ ٩ ساڵان بۆ کچ و ١٥ بۆ کوڕ. یاسا تازەکە هاوسەرگیری دەگەڕێننەوە بۆ هەر کەسە و مەزهەبی خۆی بەمەش دادگا ڕۆڵی نامێنێ. بۆچی ئەم بێ سەروبەرییە دروست دەکەن؟ لەعێراقدا یاسای باری کەسێتی کیشەی دروستنەکردووە تا چارەسەر بکرێ. دەسەڵات لە عێراقدا کێشەی لاوەکی دروستدەکەن، چونکە دەیانەوێ خەڵک بیر لە کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە نەکاتەوە. نایانەوێ بیر بکەیتەوە لە کیشەی گەندەڵی و بەتاڵانبردنی داهات و سامانی وڵات و ئازادی فەیک. کێشەی سەرکوتکردن یا دەمکوتکردنی خەڵک. کێشەی برسیکردن و هەژارترکردنی خەڵک. کێشەی گرانی. کێشەی خراپی خزمەتگوزارییە گشتییەکان. کێشەی خوێندن لە قوتابخانە و زانکۆکان. کێشەی خەستەخانە و تەندروستی گشتی. هتد.

ناورۆکی ئەم کیشەیەش لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە دانانی یاسا گرێدراوە بە ئیسلامەوە و ئیسلام و دەوڵەت جیا نەکراوەتەوە.

کەواتە ناکرێ مەسەلەیەکی وا هەستیار بدرێتە دەست بۆچونی فەقیهی جیاواز و بەپێی مەزهەبی جیاواز و ئارەزووی مەلا و پیاوی ئایینی جیاواز هاوسەرگیری بکرێت. لە واقیعا نابی هیچ مەسەلەیەک بدرێتە دەست مەزهەبی جیاواز و پەیڕەوی لێبکرێت. بۆیەشە خەڵکێکی زۆر داوای جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و سیاسەت و پەروەردە دەکەن، چونکە لە سیکۆلاریدا توشی حاڵەتی لەم جۆرە نابیت لەبەر ئەوەی پشت بەزانست دەبەستری و زانستیش دەڵێ هاوسەرگیری دەبێ لەسەروو تەمەنی ١٧ەوە بێت.

سەردەمێک لە عێراق بیروبۆچونی چەپ زاڵ بووە بەسەر ئەفکاری گشتی و یاسای باری کەسێتی ١٨٨ ساڵی ١٩٥٩ بەرهەمی ئەو سەردەمەیە، بەڵام ئێستا ئیسلامی شیعە سیاسی لە ناوەند زاڵە و دەسەڵاتیشی بەدەستەوەیە و دەیانەوێ ئەم یاسایە بگۆڕن و بیگونجێنن لەگەڵ سەردەمی زاڵبوونی ئیسلامی سیاسی.

ئەگەر لە نۆ ساڵیدا کچ بەشوو بدرێ ئەی ئیتر منداڵ کێیە؟ ئایا لەمەو دوا منداڵ یانی ٨ ساڵان؟ کەواتە پێناسەی منداڵیش بدرێتە دەست باوک و دایک و لە مەزهەبێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ؟ جەعفەری ٩ ساڵان بە بالق دەزانێ شافیعی و حەنبەلی ١٥ بە بالق دەزانێ و هتد. کەواتە لە نەجەف و کەربەلا منداڵ یانی ٨ ساڵان و لە شوێنیتر بەجۆرێکی ترە؟ کێ لەم بێ سەروبەرییە سوودمەندە؟ ئەی کەی دەبێ منداڵ بخرێتە فێرگە؟ ئایا دەکرێ وەڵامی ئەم کێشەیەش بدرێتە دەست باوک و دایک و چۆنیان بە مەسلەحەت زانی بەو شێوەیە بڕیاری لێبدەن؟ ئایا بۆ ئەمەش دەبێ پەیڕەوی مەزهەبی جیاواز بکەین. باشە منداڵ لەچ تەمەنێکدا دەتوانێ بەبێ باوک و دایک سەفەر بکات؟ ئەگەر لە تەمەنی ٩ ساڵیدا بەشو بدرێ کەواتە نۆرماڵە لەو تەمەنەشدا بە تەنها سەفەر بکات؟ ئەگەر لە ٩ ساڵیدا نابێت بەتەنها سەفەر بکات ئەی لەچ تەمەنێکدا نۆرماڵە؟ چەند ساڵ دوای هاوسەرگیری؟ ساڵێک دوای هاوسەرگیری یاخود دوو ساڵ نۆرماڵە؟ ئەی بۆ شەش مانگ نەبێ؟ ئەمەشیان بەپێی مەزهەب دەیگۆڕن؟ کێ ئەم بڕیارە دەدات؟

ئەی لە چ تەمەنێکدا بۆی هەیە مۆڵەتی شوفێری وەربگرێت؟ چۆنە ٣ ساڵ دوای هاوسەرگیری یانی لە تەمەنی ١٢ ساڵی؟ یاخود ئەمەشیان بخرێتە بەردەم ئارەزووی باوک و دایک؟ لەچ تەمەنێکدا بۆت هەیە کار بکەیت؟ ئەی لەچ تەمەنێکا بۆی هەیە دەنگ بدات؟ ئەگەر لە ٩ ساڵیدا کچ بە شوو بدرێ ئەی بۆچی بۆی نەبێ دەنگ بدات؟ ئایا لەو تەمەنەدا دەتوانێ بڕیارێکی دروستبدات لەسەر ئەوەی کێ نوێنەرێتی؟ بۆچی بە کچەوە نووساون و دەیانەوێ لە ٩ ساڵیدا بیدەن بەشوو؟ بۆچی لە کۆمەڵگەی ئیمەدا بڕیاری لەو جۆرە دەدەنە دەست باوک و دایک یاخود مەلای ئایینی؟ کێ ئەو مافە دەدات بە باوک و دایک یاخود مەلای ئایینی؟ هەر لەبەر ئەوەی منداڵت هەیە و کچن ئیتر باوک بۆی هەبێ لە تەمەنی ٩ ساڵیدا بیدات بە شوو؟ ئایا دەکرێت ئەم بابەتە لەگەڵ پیاوی ئاینیدا باس بکرێت؟ بۆچی بیر وهزری پیاوی ئاینی هەمیشە لای "هەڵسوکەوتی کچە و ئەیەوێت بیکاتە ئامرازی دامرکاندنی حەزەکانی پیاو"؟ بۆچی هەمیشە "سێکس" تەوەری سەرەکی پیاوی ئاینییە؟

لەکۆتاییدا ئەوە ماوە بوترێ ئەوەی دەیانەوێ بیکەن هەموار نییە، بەڵکو دژایەتیکردنی مەدەنیەتە و گەڕانەوەی خەڵکە بۆ دواوە.

**نیاز ساڵح فەتاح (دەروونناس وچلاکوانی پرسی ژنان**




هەموار کردنەوەی ئەم یاسایە زۆر خراپە، و کاریگەری خراپ و نەرێنی لە کۆمەڵگەدا دروستدەکات و بەرەو دواوە دەبات. هەموو هەو هەوڵانەی کە چەندین ساڵە دەدرێت بۆ باشترکردنی هەلومەرجی ژنان لەعێراق وکوردستان و کاری جدی بۆ دەکرێت؛ مایە پوچ دەکات و دەگەڕێنێنەوە بۆ سەردەمانێک کە ژن نەیدەتوانی وەک ئێستا بەشداری هەبێت لەکاریگەری بەسەر کۆمەڵگە و لە دەسکەوتەکانی ژن کەم دەکاتەوە.

**سەبیحە کەریم (مامۆستا)**



بەڕاستی شەرمە لەم سەردەمەدا کەجیهان لەوپەڕی پێشکەوتندایە، بەتایبەت لەرووی مافی مرۆڤ ومافی ئافرەت، یاسایەکی ئاوا ناتەندروست ئامادەکاری بۆبکرێت لەپێناو بەرژەوەندی پیاواندا. ئەوە دەمانگەڕێنێتەوە بۆسەردەمی جاهیلی و هەمان دەستووریشە کەئەوکات کاری پێدەکرا. کاتێک منداڵی (کچان) ٩ ساڵان بەشو دەدران. جێبەجێکردنی ئەو یاسایە ئەوپەڕی دڕندایەتیە، ودەبێ بڵێین مافی مرۆڤان ڕۆ!

**کوێستان مەجید (مامۆستای بنەڕەتی لەسلێمانی)**



یاسایەکی زۆر نائینسانی و زۆریش مەترسیدارە بۆ سەرژیانی منداڵان بەتایبەتی و بۆ ئایندەی کۆمەڵگەش بەگشتی. ئەم یاسایە دەبێتە هۆی ترس و تۆقاندنی منداڵان و ناجێگری باری دەروونی و شێواندنی کەسایەتی منداڵان و بێبەشکردنیان لەخوێندن و دابڕانیان لەدنیای پاک و بێگەردی منداڵانی خۆیان و پەراوێزخستنیان لەکۆمەڵگەدا، دواجاریش پێشێلکردنی مافی منداڵ و مافی ژن و مافی مرۆڤیشە، بۆیە پێویستە هەموو ئەوانەی کەلەکایە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا کاردەکەن و هەموو ئەوانەی کە لەخەمی ئێستاو ئایندەی کۆمەڵگەن لەم پرسەگرنگەدا هاودەنگ و هاوهەڵوێست بن دژ بەم یاسا نامرۆڤانەیە.

**درێژەی دەبێت...**

# یەکێتی بۆ بێدەنگە بەرامبەر هێرش و ملهوری بەردەوامی دەوڵەتی تورکیا لەزۆنی سەوزدا!!

عەبدوڵا مەحمود

لەپاڵ بەردەوامی هێرشەکانی سوپای تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی زۆنی زەرد، هاوکات هێرشی درۆنی و کردەوەی تیرۆریستی لە زۆنی سەوزدا درێژەی هەیە. هێرشی درۆنی یان کردەوەی دیکەی تیرۆریستی تورکیا لە زۆنی سەوزدا بەجۆرێکە کەم هەفتەو تەنانەت رۆژ هەیە، تورکیا کادر و بەرپرسانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا یان لایەنگران و کەسانی نزیکی ناو بازنەی ئەوان نەکاتە نیشانە. ئەم کوشتار و تیرۆریزمەی تائێستا گیانی دەیان و سەدان کەسی کێشاوە لە زۆنی سەوزدا، هیچی کەمتر لە قوربانیانی هێرش و ئۆپەراسیۆنە سەربازی و زەمینیەکانی زۆنی زەرد نییە.

ئەگەر تورکیا لە زۆنی زەردا، هێزێکی وەکو پارتی هەیە، کە هەم هاوکاری دەوڵەتی تورکیاو هەم دژی هەیمەنە و حزوری سیاسی و سەربازی پەکەکەیە، جیا لەوانەش پارتی و بەرپرسانی ئەو حزبە نەیانشاردۆتەوە کە پەکەکە بەسەرچاوەی پشێوی و کێشەو ئاڵۆزی و ماڵوێرانی ناوچەکە دەزانن، ئەوا لە زۆنی سەوزدا یەکێتی باڵادەست و ئامادەیی هەیە، کە لەلایەکەوە سەر بە جەمسەری ئێران و لەلایەکی تریشەوە خۆی بە هاوسۆز و پشتیوانی ئۆپۆزیسیۆنی تورکی و سوری دەزانێت، کەچی لەبەرامبەر بەو هەموو هێرشە درۆنی و کردەوە تیرۆریستیەی دەوڵەتی تورکیا، هیچ کاردانەوەیەکی جدی لەخۆی نیشان نادات و ئامادە نییە بەرپرسیاریەتی پاراستنی کادر و چالاکوان و تەنانەت رۆژنامەنووس و هەڵسوڕاوە مەدەنیەکانیشی لەئەستۆ بگرێت. جیا لەوانە لەو هەموو تیرۆرانەی لەرێگای باندەکانی سەر بە تورکیاوە لە سنوری زۆنی سەوز و لەناو جەرگەی شارەکاندا ئەنجامدراون هێشتا ناسنامەی هیچ بکوژێک ئاشکرا نەکراوە و هیچ دۆسیەیەکی ئەم تاوانکاریانە لەبەردەم دادگا نییە! لێدوانی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت لەبەرامبەر بە تیرۆری دوو رۆژنامەنووسی ژنی نزیک لە هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی تورکیا، لە ناوچەی



سەید سادق، کە وتی ئەوانە تەنها رۆژنامەنووسن و سەر بەهیچ هێزێکی سیاسی نین، بەڵگەی ئەوەیە کە دەسەڵاتی زۆنی سەوز، ئەگەر تیرۆری کادر و چالاکوان و بۆردومانی بنکەکانی هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بکرێت، لای ئاساییە و تەنها ئەو کردەوانە دەچنە خانەی ئیدانەکردنەوە کە کەسانی مەدەنی و دوور لە هیزە سیاسییە ئۆپۆزیسیۆنەکان بن...!!

ئەم دۆخە لە زۆنی سەوزدا دەگوزەرێت، نەک تەنها بانگەشەکانی یەکێتی بۆ بەرگری لە مافی "برا کوردەکانیان" لە بەشەکانی تری کوردستان و دژایەتیکردنی دەوڵەتی تورکیا بەدرۆ دەخاتەوە، بەڵکو مافی هەلسوران و چالاکی سیاسی لەژێرسایەی ساباتی "ئازادی" زۆنی سەوزدا، بۆ هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتانی ناوچەکە بەرەسمی ناناسێت.

بێدەنگی لەبەرامبەر ئەو هەموو تاوانکاری و پیشێلکارییە ئاشکرایەدا، ئەوە دەخاتەروو کە یەکێتی بەکردەوە دەیەوێت، هێندەی دەتوانێت قەرەبووی هەڵوێستەکانی پیشووی بکاتەوە و گڵۆپی سەوز بۆ تورکیا هەڵدەکات تا لەبەرامبەر بێدەنگەو پاشەکشەی لە هەڵوێست و راگەیاندنە ئاگرینەکانی پێشووی، لوتفی ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانی و لابردنی بەربەستەکانی، لەوانەش کردنەوەی فرۆکەخانەی سلێمانی، بەدەست بهێنێت.

ئەم سیاسەتەی کە یەکێتی پیادەی دەکات، کە لەلایەکەوە دەیەوێت لەئاستی راگەیاندندا هاوسۆزی هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و نەیاری توکیا و لەلایەکی تریش بەکردەوە خوازیاری پەیوەندی لەگەڵ تورکیا بێت... بەجێگایەک ناگات. تورکیا زۆر زیاتری لە یەکێتی دەوێت، لەپێش هەموو شتیکدا کۆتاییهێنانی بە هاوکاری و تەنانەت پچراندنی یەکجاری پەیوەندی لەگەڵ سەرجەم هێزەکانی ئۆپۆزیسۆنی تورکی و دواتریش هاوکاریکردنی سوپاو راگەیاندنی ئەوەی کە ئەو هیزانە نایاسایین...تاد.

یەکێتی بەو دۆخە کە هەیەتی ناتوانێت بالانس لەنیوان ئەم بژاردانەدا رابگرێت، بەتایبەتی کە یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، خۆ هەڵواسین بە ململانێی و بۆشایی نێوان وڵاتەکان و هاوکات لەجێگای پەیوەندیەکی ئاسایی و دیبلۆماسی، خۆشخزمەتی و ملکەچییە بەو جەمسەرانەی پێوەیەوە پەیوەستن و پایەکی سەرەکی مانەوەیانە.

لەو ماوەی دواییدا حکومەتی عێراق لەچوارچیوەی ڕیکەوتنی لەگەڵ تورکیادا، سێ حزب و لایەنی سیاسی بەپاساوی بوونی پەیوەندی و کەڵک وەرگرتن لە ئیمکاناتی دەرەکی یاساغ کرد و بریاری داخستنی دان. هێنانی ئەم بریارە یاساییە!!، سزای سیاسی و بەسازانی نیوان حکومەت عیراق و توکیا بریار لێدرا. ئامانجیش لەم بریارە لە بنەرەتدا بۆ ئەوە بوو زۆنی سەوزیش، وەکو زۆنی زەرد، بوون و چالاکی ئەو هیزە سیاسیانە بەنایاسایی لە قەڵەم بدات و لە خزمەت بە دەوڵەتی تورکیادا مەئموریەتی ڕێگرتن لە چالاکیەکانیان، جێ بەجی بکات. بێدەنگەی یەکیتی لە بەرامبەر بەو بریارەو بەردەوامی ملهورییەکانی تورکیا ئەوە نیشان دەدات یەکێتی موی نەرمەو بەکردەوە خەریکە مل بەخواستی دەوڵەتی تورکیا دەدات.

پێویستە یەکێتی لەبەرامبەر بەو سیاسەتەی گرتوویەتەبەر، رووبەڕووی گوشارێکی سیاسی و جەماوەری کۆمەڵایەتی شەقام و رای گشتی بکرێتەوە، بێدەنگە و چاوپۆشیکردن لە تیرور و کوشتار و هیرشی درۆنی بەردەوامی دەوڵەتی توکیا و بۆسەر ئۆپۆزیسیۆنەکەی و لەپاڵیشدا گوشارهێنانی بەردەوام بۆ سەر هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی و نۆکەرپیشەیی بۆی، تەنها هاوکاری ئەو دەوڵەتانە نییە، لەدژی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانیان، بەڵکو هاوکات وەستانەوەیە بەرووی ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستاندا.

وەستانەوە بەرووی دەستێوەردان و ملهوری وڵاتانی ناوچەکە و هێرش بۆسەر هەلسوران و چالاکی سیاسی هیزە ئۆپۆزیسیۆنەکان، کاری ئەو هێزگەلە سیاسیە نییە کە چارەنووس و مانەوەیان بەستراوەتەوە بەو دەوڵەت و جەمسەرانەوە، بەڵکو کاری بزوتنەوەی شۆڕشگێرانە و نارەزایەتی فراوانی جەماوەرییە، بەدژی دەستیوەردان و داگیرکاری و هیرشی درۆنی و تیرۆریستی...تاد. کۆبونەوە لە شەقامەکان و لەبەردەم سەفارەتخانەکان و یوئین و خواستی کردنەدەرەوەی هیزە داگیرکارەکان و سەفارەتخانەکانیان، بوونەتە پێداویستیەکی لەدواخستن نەهاتوو...

*****************

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان رێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ڕیبوار حەمە شەریف



## (ئەزمونگەریی و نوێگەریی لە زمانی شیعر دا

نووسینی: ڕێبوار حەمە شەریف...

بابەت /

سەرنج و ڕۆچونێک، سەبارەت بە دونیای شیعر و بەجیهانکردنی کورتە شیعرەکانی (قاسم تاباک) لە ناو هەر زمانێکدا.

هەرخوێنەرێک زۆر بە وردی یا وەک لێکۆلەرێک گەر گەشتێک، بەناو چەند کۆپلە شیعرێکی (قاسم تاباک )دا بکات بێشەک توشی سەر سوڕمانێکی قوڵدەبێتەوە کە شاعیر چۆن توانیویەتی کە فەنتازییەت لە وشەداو لە هزرێکی بەرفراوان و قوڵدا بۆ ڕەگ و توخمە وشەکان" ئاودێر بکات و بە مانا لوغزیەکاندا شۆڕدەبێتەوە.

گرینگە، خوێنەری وریا درک بە وردەکاریەکان و ماناو هۆنینەوەی وشە لە ناو کورتە شیعرەکانی (قاسم تاباک)دا جێگەی تێڕامان وە سەرنجی وردی هەبێت تا دیوی شاراوەی وشەکان"بخەنە بەر لێکۆڵینەوەی وردترەوە، کە شاعیر ڕست و کرۆکێکی لە جەوهەرێکی بابەتیدا، واتە (المضوع) چۆن؟ گرێدەدات و لەگەڵ چ جۆرە پەیامێکدا، یارییەک بە وشەکان دەکات تاکو جوڵە میکانزمیەکان لە هۆش بە ئاگایماندا بزوێنێت، دەکرێت وردتر و قوڵتر پەیامی کۆپلەکان "شیبکرینەوە، بۆ فرەچەمکی و وە، بپرسین و پرسیار بخوڵقێنین، لە ئامانج و بەریەکەوتەیی لە فەلسەفەیی وشەدا، ئایا؟ پرس و پرسکرد لە خۆ بوونی تێدا هەیە؟ گەر هەیە چۆن؟ تا بەدوای پرسیارە بێ وەڵام و وەڵامدانەوەکانی لەناو زهنیدا بگەڕێن و وشەکان" بتوانین شیبکەینەوە.

ئێمەی "خوێنەر ناگەینە ئامانج تا سێ سوچی سێگۆشەیی گۆشەکانی و تاریکەی دیوی و وە ڕوونی لە هەر کۆپلە شیعرێکیدا نەخەینە بەر پێوان و پێوەر بەتێگەیشتنێکی دیالکتیکی/ زاراوە وشەو مانا وشەیی و توخمی، وەک ئەوەی کە لەوە تێبگەین ئاستی باڵاو هزری ڕەهایی... تا تێبگەین لەو پەیڤە وشانەیدا کە وشە درکاندنەوە، ئاماج لە چییەو بەکوێمان دەگەیەنێت .

پێش ئەوەی□ باس لە کۆپلە شیعرەکانی (قاسم تاباک)، بکەم هەندێ□ ڕوونکردنەوە لەسەر شیعرو زمانی شیعر بەنمونەیی دەهێنمەوە.

ئێمە چۆن زمانی شیعر بگەڕێنینەوە؟

زۆرجار باسم لە نووسینی (شیعر و شانۆ)یی - نامەی شیعریم کردوە کە دەبێت □

هەماهەنگیەک هەبێت وە شیعر لە زمانی کوردیدا بکەوێتەوە جوڵەو ئەو شاعیرە نمونەین، وە توانای دەقی شیعریان هەیە بتوانن بێنەوە مەیدان و دەق و تێکستە ئەدەبیەکانیان بخەنە بەر هەژمونێکی ئەدەبی وە، و شانۆ و شیعر لەو قەیرانە خنکاوەی بن دەستەییە ڕزگار بکەن .

هەر بۆیە لەگەڵ هەر بابەتێکی خۆمادا بابەتێکی وەرگێڕاو لەهەر زمانێک و ئێستای مۆدێرندا کە هەن بوونیان لەمەیداندایە بڵاو دەکەمەوە وە بە پێی توانا لێدوانی لەسەر ئەدەم.

نووسەر: عواد علی بۆ زمانی شیعرو شانۆی شیعری دەڵێت:

شیعر لەسەر شانۆدا لە جێگەی خۆیدا نەماوە.

شانۆ و شیعر هەر لە سەرەتاوە لە شارستانیەتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا بە شیعرەوە گرێدراوە، شاعیران زۆرینەی توخمە ئەدەبی و هونەریەکانییان کۆنترۆڵ دەکرد، دەقەکانیان دەنووسی و بەرپرسی پرۆسەی ئامادەکردن و لێکدانەوەیان و ئامادەکردنی پێداویستییەکانیان بۆ پێشکەشکردنیان بەرجەستە بوونی قۆناغەکە، بەڵام لەگەڵ هاتنی مۆدێرنیتەدا شیعر لە شانۆدا دابەزینی بەخۆیەوە بینی تا نزیک بوو لە نەمان، ئەمەش لەلایەن زۆرێک لە شاعیران و شانۆنامەنووسەکانەوە ڕەتدەکرێتەوە کە هەوڵی زیندووکردنەوەی پەیوەندی نێوان شیعر و شانۆ دەدەن.

بۆیە گرینگە کە لێرەوە ... دیسانەوە باس لەسەرهەڵدانەکان بکەم کە لەرۆژهەڵاتی و ڕۆژ ئاوایەکانەو پەیوەندی نێوان شانۆ و شیعر تەنیا لە سەردەمی یۆنانیدا نەنووسراوە، شاعیران "بۆ ڕینمایی ئەکتەرەکان لە شێوازی نمایشکردنیان و کێشانی جووڵە و ڕیتمی کۆڕ و سەمای تاکەکەسی و گروپی سەماکارانیان نووسیوە.

ئەوە دەزانین ئێمە "کە (ئەسکیلۆس) یەکێک بووە لە درەوشاوەترین کەسەکان کە دەقەکانی لەسەر شانۆ بەرجەستە کردووە، بە پشتبەستن بە تێبینییە وردەکانی کە لە دەقەکانیدا هاتووە، کە نزیکترین شتن لە نۆتەکانی دەرهێنەر و ئاوازدانەر پێکەوە. بۆیە یەکەمین کتێبی تیۆری لەسەر هونەری دراما لەلایەن فەیلەسوفی یۆنانی (ئەرستۆ) نووسراوە، بەناونیشانی "شیعر" یان "هونەری شیعر".

ئایا شاعیران، دەرهێنەرن؟ شاعیر و شانۆنامەنووسی فەرەنسی (ژان کۆکتو) دەڵێت:

شانۆ و شیعر دوو "ئەسپن لە خوێنی پەری... شیعر و شانۆ ئەو گۆڕانکارییە دووانە بوون کە بە ئەنجام گەیاندنی (ژیریی)ەکەی دوورکەوتنەوە لە نەخشە یەکەمەکان، گەڕان بەدوای ناوێک بۆ شتەکان و... پاشان خۆدۆزینەوە. لە ڕێگەی ڕێوڕەسمەکەوە خوداوەندەکان و ترس و ئارەزووەکان ئیمپرۆڤیزەیان دەکرد و بڕگەیەکیان لە شەوی ئەشکەوتەکەوە قەرز دەکرد بۆ فەزایەک کە توانای ماددیبوونی هەبوو، و ڕینمایی دەکران بۆ شیعر ...

بۆ ئەوەی بمێننەوە، یان شیعر بۆیان ڕێنمایی دەکرا بۆ گواستنەوە ئەوان بۆ فەزایەک کە وایان لێدەکات ئامادەبن و هەروەها شانۆش بوو.

هەر بۆیە لەگەڵ شۆڕشی مۆدێرنیتە و گەشەی (ڕیالیزم)دا لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا، شانۆ لە شیعر ڕزگاری بوو و شێوازی نووسراو زاڵ بوو. ئەو ساتەی شیعر لەگەڵ شانۆدا کۆدەبێتەوە، ساتێکی تایبەتە کە تیایدا هەریەکەیان واز لە هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی دەهێنن بۆ تێپەڕاندنی سنووره بۆماوەییەکانیان لە پێناسەدا، بۆیە دەقی دراماتیک واز لە چڕی و سەرقاڵبوونی خۆی بە دەرەوە دەهێنێت، ڕێگە بە وەهم و خەیاڵەکان دەدات تاریکی خۆیان بەجێبهێڵن بۆ ناو... ڕۆژی دەق پڕ لە ترسناکی و ژیان، قەرزکردنی وەهمەکان کە هێزی بەرجەستەبوونیان هەیە، و واقیعێکی نوێ پڕ لە بە دڕندەیی و سەرسوڕمانەوە کە لە شیعرەوە قەرزکراون.

شۆڕشی مۆدێرنیەتی و شیعر، لەگەڵ شۆڕشی مۆدێرنیتە و گەشەی ڕیالیزم لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا، شانۆ لە شیعر ڕزگاری بوو و شێوازی نۆسراو بوو بە شێوازی باڵادەست لە درامای شانۆدا.

هێنریک ئیبسن

بەرگری لەو گۆڕانکاریە واقیعیەو سەرچاوەیی گرتۆتە بەر. وە زۆر لە نووسەرانی تر باسیان لەوە کردوە کە شێوازی (شیعر) لە شانۆدا بێ توانا بووە لە وەڵامدانەوەی کێشەکانی ئەو واقیعە نوێیەی کە ژینگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی سەرمایەداری بەرهەمی هێناوە. بەڵام ئەمە نەبووە هۆی ئەوەی کە بەشێک لە شاعیران ڕوو لە نووسینی دەقی شیعرو شانۆیی لە شیعردا بکەن، تەنانەت لە سەدەی بیستەمیشدا، وەکوو... ئێلیۆت، ییتس، شۆن ئۆکسی، لۆرکا و پۆڵ کلۆدێل.

## لە مهباتەوە

(قاسم تاباک) شاعیری بە توانای لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان....

نوێگەرو نوێخواز وە، بەسەلیقەیی و خوڵقێنەرێکە لە زمانی ئەدەبێکی زۆر جیاوازدا لە بواری کورتە شیعریدا .

وشکەساڵی

بەڕێوە بوو

کچ

بوو

بە

گەنم

ئەو

ئێوارانەی

هەورن

سوور

دەکێشرێنەوە.

شاعیر زۆر وردتر بەدەست و بردتر لە وێنە کێشەکان، وێنای ئاسمان و ڕۆژ و سرووشتت بۆ ڕەنگاڵە دەکات و پێناسەیەکی تراژیدیا. ئاسا، باس دەکات، زمانێکی جەستیی وشە بەکا دەهێنێت کە هەر کۆپلەیەک بخوێنیتەوە وشەکان سەمایەک دەکەن کە دەیانەویت بێنە زمان .

لە دیدی شاعیردا گەر، ئێوارەیەک، بە سووری ببینێ ئیدی ئەو تێدەگات کە خوێنی جەستەی کەسێکی ناو نیشتمانەکەیە بۆیە وا ئاسمان سوو دەنوێنێ.

بۆیە دەڵێت:


تفەنگەکانی

سەر شان

تابووتێکی

گۆر

غەریبن




لە هەڵبژدنی فکر و خەباتدا

ئەو باس لە جۆری هەڵبژاردەیی فکر

ناکات کە چ جۆر بیرێک ئەتوانێت بۆ نیشتمانی ژێردەستەی ڕزگارکەربێت، بەڵام باس و لەدەست و ئخەیە دەکات کە دەبێت تفەنگی بۆ بکرێتە شان تاکو ئازادی بپێکیت.

هەر بۆیە ئەو لەواقیعتەوە ئەدوێت و دەڵێت کە هەڵگری تفەنگ لەشان بۆ داکۆکیکردن لیی گۆڕ غەریبت دەکات، مەنزوری لەوەیە کە لەجێێ شەهید دەبێت و بەخاکی غەریب مەئوایی کە لەدایک بوونتە گۆڕ ون دەبیت.

هەر بۆیە شاعیر بەرەو واقیعەتیەک دەبات کە دورمان دەخاتەوە لە ئەفسانەیی کە خەیاڵ بۆی بکێشێت.

فڕیم

بە سنور بڵێن

جازبەی

نەماوە

دیسانەوە... بە کۆپلە شیعرێک بەگوێی سنوردا دەدات و پەیامێکە و بە باڵەکانی فڕێندا دەینێرێت، دەزانێت فڕین لە هەستێکەوە پەیدادەبێت کە ناخی دەروونە تێکشکاوەکانن و داگیرکردنی بیرو ئازادی تاکەکەسییە لە ژیاندا دەبێت خۆی لە زنجیرو بەندکردنی ئەقڵی داگیرکراوی ڕزگار بکات بۆیە وا ئیتر جازبەی نیوان هیچ شتێک بۆ ڕاکێشان کەریگەریەکەی سفر دەکاتەوە.

لە یەقینەوە بۆ نا یەقینی ڕا گوزردەکات، کە باچیتر خاک و نیشتمان لەبەر سنووریکی دەستکردا با نیشتمانەکەی ئامادەبێت کە ڕۆژێک دێ ئەوسنوورە هەڵدەوەشێندێتەوە، بۆیە شاعیر بڕوای بە یەقینیەت جێگیرە هەر دەبێت کە بگۆڕێن .

وڵاتم نەبای

پێشمەرگە

دەبووم؟

شاعیر جگە، لە سەدان "

کۆپلەی کورتە شیعری بۆ نیشتمان □

لەگەڵ ئەوەشدا باوەش و ئامێزی نەرمی بۆ دونیای ڕۆمانسییەت گرتۆتەوە..

بە بڕوای من هیچی کەمتر نییە، لە شیعری شاعیرکی وەک (نزارقەبانی) و هەزارانی تر کە لە میلودیەکی چەند بڕگەیدا و کە بۆنی سێبەری دار سنۆبەرێک و تیشکی مانگە شەوێک و ڕامان لە دورترین خەیاڵ و هێنانەوەی یادو یادەوەری وەکو باڵکێشانێک بەسەر ڕابردوودو بە ئێستاشەوە لەناو

بۆ لاپەڕە 13

# یادێك لە یادی خەباتكارانەی هاوڕێیانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم...نەزیز عومەر "ئارام"، بەكر عەلی و جەمیل ئەمیندا...



*** هاوڕێ نەزیز عومەر ناسراو بە "ئارام" لە ساڵی ١٩٦٤ لە دێی کواشی سەر بە ناحیەی سمێل، لە باوەشی خێزانێکی کریکاریدا، چاوی بە دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری هەڵهێناوە...** لە ساڵی ١٩٩٠ دا کۆلیژی کشتوکاڵی لەشاری موسڵ تەواو کردووە، هاوڕی ئارام کە زۆر زوو هەست بە زوڵم و نابەرابەری و چەوساندنەوە دەکات، تیکەڵی کاری سیاسی دەبێت و دەست دەداتە هەوڵ و تێکۆشان... لەو راستایەدایە وەکو هەڵسوراوێکی کۆمۆنیست دەناسرێت و لەناو زانکۆی موسڵدا و دەبێتە سیمایەکی خۆشەویستی رەتکردنەوەی ستەم و نابەرابەری... لەساڵی ١٩٨٨دا لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێیانی تریدا، ئەلقەی "هاوپشتی کرێکاریی" پیکدەهێنن و ساڵیک دواتر واتە لە ساڵی ١٩٨٩دا، خۆی و ئەلقەکەیان بە رەوتی کۆمۆنیستەوە پەیوەست دەبن. رەوتی کۆمۆنیست یەکێک دەبێت لە رێکخراوە کۆمۆنیستەکانی ئەو کاتە... بە پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، هاوڕی ئارام دەبێتە یەکێک لە کادرە چالاک و خەباتگێرەکانی ئەو حزبە لە بادیناندا و سیمایەکی ناسراو و خۆشەویستی ناوچەکە و تێکۆشەریکی دژی دەسەڵاتی بەزۆر داسەپاوی ناسیونالیزمی کورد و پارتی. هەروەها هاوڕی ئارام دەبێتە یەکێک لە هەڵسوراوانی بزوتنەوەی دژی تالآنی و گرانی و بیکاریی و هەر بۆیە دواتر دەبێتە یەکێک لە رابەرانی یەکێتی بێکاران.

هاورێ ئارام، چ وەکو کادرێکی خۆشەویست و جێ متمانەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و چ وەکو هەلسوراو و رابەرێکی یەکێتی بیکاران... رۆڵی زۆر بەرجەستە دەگێرێت لە هوشیارکردنەوەی و ریکخستنی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا و دەبێتە یەکێک لە روخسارە ناسراو خۆشەویست و تێکۆشەرەکەی بادینان و ناوچەکە. رۆڵ و نەخشی هاوڕی ئارام، ئارامی لە دەسەڵاتدارانی ناوچەکە دەبریت و بەهەموو شێوەیەک هەوڵدەدەن پاشەکشەی پێ بکەن و ناچار بەدەست هەڵگرتن لە هەڵسورانی کۆمۆنیستی بکەن... پارتی جگە لە هەرەشەو چاوسوکردنەوە چەندجار بانگی دەکەن و دەزگای ئاسایش چەندین هەوڵی تر دەخەنە گەر تا ناچاری بکەن واز لە چالاکی و هەڵسورانی خۆی بهێنێت... پێداگری هاوڕی ئارام لەسەر ریبازەکەو و بروای پتەوی بە دنیایەکی باشتر، نەک ئامادەی پاشەکشە نابێت، بەڵکو بەگورو تینێکی بەردەوام و هیوا بەخشەوە درێژە بە هەڵسورانی خۆی دەدات... تا بەرواری ٢٥/٨/١٩٩٣ لەلایەن باندیکی ئینسان کوژی ئازادی کوژەوە، دەرفێنرێت و پاش شکنجەدانی ترسنۆکانەو وەحشیانە، تەرمەکە دەسوتێنن و پاش سێ رۆژ لە بەرواری ٢٨/٨/١٩٩٣ تەرمەکەی لە نزیک شاری سمێل دەدۆزرێتەوە...

*** هاورِی بەکر عەلی شاعیر و رابەری ئاوارەو بێ خانەولانەکان... لە ساڵی ١٩٦٨**



**لە شاری سلێمانیدا چاو بە دنیای زوڵم نابەرابەری هەڵهێناوە...** بەکر عەلی زۆر زوو زوڵمی چینایەتی ناچاری خەبات و وەستانەوەی دەکات، زۆر زوو لەبەرەی خەڵکی هەژارو نەداردا دەوەستێت و دەبێتە هەڵسوراوێکی چالاک و تێکۆشەرێکی نا وتن بە دنیای سەرەوخواری پر ستەم و نابەرابەری سەرمایەداری... لەساڵی ١٩٩٣ و لە هاتنە ئارای مەسەلەی روخاندنی خانوە بێ تاپۆکانی شاری سلێمانی هاوڕی بەکر وەکو رابەرێکی ماندونەناسی بەرگری لە هاوڵاتیانی ئاوارەو بێ خانەو لانە، دەدەکەویت و دەبێتە سیمایەکی خۆشەویست و ناسراوی ناو ئاوارەکان و خەڵکی بێ خانەو لانە... دوای پشتیوانی لێبراوانە یەکێتی بێکارانی ئەو کاتە لە خەڵکی بێخانەو لانە، هاوڕی بەکر و ژمارەیەکی بەرچاو لەخەڵکی ئاوارەو بی خانەو لانە روو لە یەکێتی بێکاران دەکەن و بەکر عەلی دەبێتە یەکێک لە ئەندام و رابەرانی یەکێتی بێکاران... پاشان بەکر عەلی دەبێتە روخسارێکی ناسراو و خۆشەویستی بێبەشانی هەر جێگایەک کە ئەو هەڵسورانی تیادا دەکات... هەر ئەمەشە بەکر عەلی دەبیتە یەکێک لە هەڵسوراوی یاد و بۆنە کرێکاریی و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان و یەکێک دەبێت لە وتار بێژانی ئاکسیۆنی شکۆداری یەکی ئایاری ساڵی ١٩٩٤ ی مەلعەبەکەی شاری سلێمانی... لێبراوی و تیکۆشانی بەکر عەلی بۆ وەستانەوە بەرووی روخاندنی خانوە بیتاپۆکانی شارو حامیەی سلیمانی، رۆڵی رابەری و پێشرەوی ئەو بەکر عەلی دەکاتە خۆشەویست و جیگا متمانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی و نەداران و خەڵکی بێخانەو لانەو ئاوارە، هاوکاتیش دەبێتە چقڵی چاوی ستەمکاران و تاڵانچیانی کوردایەتی... بۆیە جگە لە هەرەشەو چاوسورکردنەوەی دەسەڵاتدارانی سلێمانی، چەندین جار دەستگیری دەکەن و هەرەشەی کوشتنی لێدەکەن بۆ وازهێنان لەپشتیوانی و تیکۆشانی لە خەڵکی ئاوارەو بیخانەو لانە...بەڵام باوەری بەکر عەلی بۆ ئاڵوگۆر و باشترکردنی ژیانی هەژاران و نەدارانی کۆمەڵگە، ئەو سورتر دەکات لە خەبات و تێکۆشان و گرتنەبەری رێگای ریکخستنی نارەزایەتی جەماوەری و رابەری کردنیان... تا لە رۆژی ١/٩/١٩٩٤دا، لەکاتی رابەریکردنی خۆپیشاندان و رێپێوانی ئاوارەو بێ خانەو لانەکانی حامیەدا، دەدرێتە بەر دەستڕێژی گوللەو دوای ئەوەی بریندار دەکرێت، بەدەستی قارەمانەکانی کوردایەتی و پارێزگارەکانی پاریزگای سلێمانی ئەو کاتە، دەکوژرێت و دڵە پڕ هیواو ئومێدەکەی لە جوڵە دەخەن... سەرباری حاشاکردنی پاریزگاری سلێمانی لەو تاوانکارییە، ئەم دۆسیەیە بە کراوەیی ماوەتەوە و هەر کاتێک دیمانە یان میکرۆفۆن بخریتە بەردەم پارێزگار پرسی بەکر عەلی چۆنیەتی کوشتنەکەی دەبێتە تەوەرەیەک، ئەوەی کە وای کردووە ئەم دۆسیەیە بە کراوەی بمێنێتەوەو ساڵار عەزیزی پارێزگاری ئەو کاتەی پێ تۆمەتبار بکرێت... لەلایەکەوە ئەم کەیسە بە شێوەی یاسایی یەکلایی نەبوتەوە، لەلایەکی تریشەوە بڵاوبوونەوەی بەڵگەنامەیەکی نووسراوە کە بەکری حاجی سەفەر بۆ پارێزگاری سلێمانی نووسیوە کە بکوژی بەکر عەلیان، بە پلان و نەخشەیەک لە کاتی جەنگی ناوخۆدا لە پشتەوە!! کوشتووە، تا دۆسیەی کوشتنی بەکر عەلی و رۆڵی پاریزگاری سلێمانی تیاییدا دیزە بە دەرخۆنە بکەن... شایانی باسە بەکر عەلی تەنها رابەرو هەڵسوراوێکی خەڵکی کرێکارو هەژارو نارازی نەبوو، بەڵکە ئەو شاعیرێکی هەست ناسک و یاخی و خۆشەویستی بوو... خاوەنی چەندین هۆنراوەی ناوازەو جوانە.

*** هاوڕی جەمیل ئەمین ٢٨/٦/١٩٥٦**



**لەشاری کەرکوک لەدایک بووە،** ساڵی ١٩٧٨ چۆتە کۆلیژی ئەندازیاری بەشی کارەبا لە زانکۆی بەغدا، بەڵام لە ساڵی دووەمی زانکۆ بەهۆی هەڵسوران و چالاکی سیاسیەوە لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی بەعسەوە دەستگیر دەکرێت... دوای ئەوەی ناتوانرێت هیچی بەسەردا ساغ بکەنەوە ئازاد دەکرێت... بەو هۆیەوە هاوڕی جەمیل بەردەوام لەژێر چاودێری دەزگا سیخوریەکانی رژێمدا دەبێت ناتوانێ بەردەوامی بەخوێندن بدات و چەند جارێک خوێندنەکەی دوا دەخات، تا دواجار ناچار دەبێت واز لە کۆلیژی ئەندازیاری بەغدا بهێنێت و بچێتە پەیمانگای تەکنیکی کەرکوک بەشی ئەلکترۆنیک کە بەپلەی یەکەم تەواوی دەکات...

هاوری جەمیل لەساڵانی هەشتاکانەوە تێکەڵی خەباتی سیاسی و کۆمۆنیستی دەبێت، یەکێک دەبێت لە کادرە بەرجەستەکانی "رێکخراوی تێکۆشانی کارگەران" و " رەوتی کۆمۆنیست' و دواتریش لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق. پاش پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٨ لەناو ریزەکانی ئەو حزبەدا بێ وچان درێژە بەخەباتی کۆمۆنیستی دەدات...

بەداخێکی زۆرەوە هاوڕی جەمیل دوای ململانێیەکی ٥ ساڵی لەگەڵ نەخۆشی شیرپەنجە، لە تەمەنی ٥٥ ساڵیدا و لەناو ئامێزی خێزان و کەس وکارەکەیدا لەشاری کەرکوک بۆ هەمیشە چاوی لێک نا... گیان لەدەستدانی هاوڕی جەمیل خەسارەتێکی گەورەبوو لە چینی کرێکار و کۆمۆنیزمی کرێکاریی لە عێراق و کوردستاندا.

رێبوار ئەحمەد وەکو هاوڕێیەکی نزیکی سەبارەت بەکەسایەتی هاوڕی جەمیل لە کتێبی" جەمیل ئەمین" گەوهەری کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەنووسێت "هاورێ جەمیل لە ماوەی نزیکەی چوار دەیە هەڵسوڕانی سیاسی و کۆمۆنیستیدا، خزمەتی گەورەی بە کۆمۆنیزم کردوە، هێزی زۆری بۆ کۆمۆنیزم پەروەردە کردوە، کەسانێکی زۆر لەسەر دەستی فێری مارکسیزم بوون و بە ریزی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیەوە پەیوەست بوون، خۆم یەکێک بووم لەوانەی کاریگەریم لەو وەرگرتوە بۆ هەڵبژاردنی ئەم ڕێگایە. جەمیل کۆمۆنیستێکی پەیگیر بوو، لە ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەییدا بەرپرسایەتی و پۆستی جۆراوجۆری لە ئەستۆ گرتووە، هەمیشەش لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی سەرشانیدا ئەوپەڕی پەیگیری نواندووەو کاری خۆی زۆر بە تەواوی ئەنجامداوە. جەمیل بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کێوێک بوو لە ئینێرجی و لە بەرامبەر هیچ ئەرک و مەهامێکی سیاسیدا ڕانەماوەو سڵی نەکردوەتەوەو دەستەوەستان نەبووە. جەمیل بە واقعی هەمیشە و دایم، شەو و ڕۆژ، تەنانەت بە لەش ساغی و بە نەخۆشی، ئامادە باش بوو بۆ هەر کارێک کە بزووتنەوەو حیزبەکەی پێی سپاردبێت".

بەشێکی تردا دەڵێت"... بەراستی هەرچیەک دەربارەی کەسایەتی سیاسی هاورێ جەمیل بڵێم وەسفی تەواو و کەماڵی ئەوم بۆ ناکرێت. بەڵام کۆمۆنیست بوون و هەڵسوڕاوی سیاسی بوون، تەنها بەشێک و لایەنێک بوو لە کەسایەتی عەزیمی جەمیل. ئەو بەڕاستی دەریایەک بوو لە ئینسانیەت، لە دڵسۆزی بۆ دەوروبەرەکەی، لە خەمخۆری بۆ بەشەر، لە دڵپاکی، لە خۆشویستنی ژیان و خۆشی بۆ هەموان... بە دڵنیاییەوە دەڵێم جەمیل هیچ کات دڵی کەسی نەڕەنجاندووەو قینی لە کەس نەبووە. باوەڕ ناکەم جەمیل قورسایی بەسەر کەسەوە بوبێ و زۆر هەستیار بوو بەرامبەر بەوەی بچوکترین قورسایی بخاتە سەر کەس، بەڵام هەمیشە بۆ هاوکاری هەموو کەس ئامادەبوو. جەمیل خاوەن نەفسیەتێکی بەرز بوو ئامادەنەبوو تەنانەت لە سەختترین هەلومەرجدا هیچ تەنازولێک بۆ هیچ شتێک بکات. بەراستی جەمیل ئینسانێکی عەزیم و تایبەت بوو، لە دڵسۆزی و دڵپاکی و لە خۆبوردویی و هاوکاری و رێزداری و میهرەبانی و...دا ئینسانێکی نمونەیی بوو. هەموو کەس و کار، لە ئێمە وەکو هاوڕێیانی نزیکی، وە لە هەموو کەسێک کە تەنانەت بۆ ساتیک لە نزیکەوە ئەوی ناسبێت، کە بێگومانم لەوەی پریشکی دڵسۆزی و میهرەبانی لە رادەبەدەری ئەوی بەرکەوتووە. جێگای جەمیل هەرگیز پڕنابێتەوەو بۆ هەتا هەتایە لە نێوماندا جێگای خاڵیە..."

**بەرزو بەرێز بێت یادی هاورێیانی گیان بەختکردوو ...**



# دیموکراسی: لێکدانەوەکان و واقعیەت

## چاوپێکەوتنی مەنسور حیکمەت لەگەڵ ئینتەرناسیۆناڵ

**بەشی پێنجەم**

ئینتەرناسیۆناڵ: لەڕووی تیۆرییەوە هەروەها بەپێی ئایدیاڵێک کە قسەکەرانی سەرمایەداری پەیوەندییە سیاسییەکانی لەم نیزامەدا پێ وەسف دەکەن، دیموکراسیی لیبراڵی و سیستەمی پەرلەمانی جێگایەکی بنەڕەتییان هەیە. تایبەتمەندییەکانی دیموکراتی لیبراڵی لەم وێنا تەجرید و دەربڕینە فۆرماڵییەیدا کامانەن؟

مەنسوور حیکمەت: دیموکراتی لیبراڵی چەمکێکی (بە واتایەکی تر مۆدێلێکی) ئاوێتە و پێکەوە پەیوەستکراوە، پشتی بە دووپایەی جیاواز بەستووە: دیموکراتی، وەک حوکوومەتی خەڵک، یان حوکوومەتی زۆربە و لیبراڵیزم وەک زنجیرەیەک بیروباوەڕ و پێودانگ و ئەحکامی تایبەتی سەبارەت بە پەیوەندیی سیاسی و حوقووقی تاک و کۆمەڵ، تێگەیشتنی گشتی و هاکەزایی زۆربەی خەڵک لەم دەستەواژانە ئەوەیە، دیموکراتی وەک ڕژێمێکی سیاسی و لیبراڵیزم وەک زنجیرەیەک لە بایەخ و پێوەری سیاسی و مەدەنی، بەر و پشتی یەکترین، یەکەمیان فۆرم و دووەمیان ناوەڕۆکی نیزامێکی سیاسی پێشان دەدات، هەردووکیان لە یەکترەوە هەڵدەقوڵێن و لەم جۆرە شتانە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە نێوان ئەم دوو بەشەی دیموکراتی و لیبراڵیدا ناکۆکییەکی هەمیشەیی و لە دواشیکردنەوەدا ناسازگارییەکی تەواو هەیە، کە بەکردەوە سەرچاوەی زۆر کێشمەکێش و ناکۆکیی سیاسیی گرنگ لە کۆمەڵگەی بۆرژوازی بووە و لە گۆڕەپانی سیاسیی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوادا.

دیموکراتی مانای ڕەسەنبوونی بڕیاری خەڵک، یان زۆربەیە (لێردا ئێمە هیچ کارێکمان بەسەر ڕاستیی ئەم مەسەلەیە لە جیهانی واقیعیدا نییە). هەر بڕیارێک کە زۆربەی خەڵک لە پرۆسەیەکی دیموکراتیکدا بۆ نموونە، لە ڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە لە پەرلەماندا، پێی دەگەن، لە تێڕوانینی چەمکی دیموکراتییەوە ڕەوایەتی هەیە. لە کاتێکدا لیبراڵیزم کۆمەڵە بایەخێکی سیاسی و مەدەنی لەپێشەوە هەبووی هەیە، کە وەک مافی سروشتی، یان مافی مەدەنی قابیلی دەستکاری نەکردنی مرۆڤەکان سەیریان دەکات. بە واتایەکی تر لە تێڕوانینی لیبراڵیزمەوە بواری کارکردنی دیموکراتی و دەسەڵاتی خەڵک پێویستە کۆنترۆڵکراو و سنووردار بکرێتەوە. ئەو بڕیارە دیموکراتییەی کە مافە سروشتییەکانی جێ مەبەستی لیبراڵیزم هەڵوەشێنێتەوە، یان لەکەداری بکات، لە تێڕوانینی ئەم ڕێبازەوە مەشروعییەت و ڕەسەنایەتی نییە. لیبراڵیزم وەک مەرجێکی جڵەوکەر و سنووردارکەری حوکوومەتی دیموکراتی کار دەکات، نەک وەک ناوەڕۆکی ئەو حوکوومەتە. بابەتی لیبراڵیزم، پێناسەکردنی مافە فەردییەکان و پاراستنیانە لە بەرامبەر دەسەڵاتدار، دەوڵەت وە یان بە واتایەک "کۆمەڵگە"دا. لیبراڵیزم تەنها کاتێک پێشوازی لە حوکوومەتی پەرلەمانی، وە یان هەر چۆنێک بێت حوکوومەتی هەڵبژێردراو دەکات، کە وەک جان ستیوارت میل دەڵێت: حوکوومەتی "خودی خەڵک" دەست نەبات بۆ مافە مەدەنییەکانی خەڵک. بە نیسبەت لیبراڵیزمی کلاسیکەوە، ئەم مافانە بنکارن و شێوازی حوکوومەت شتێکی لاوەکییە. بەڵام ئەم بۆچوونەی لیبراڵیزم چ لەڕووی تیۆری و چ لە دنیای واقیعدا، زۆر پشتی پێ نابەسترێت و دووپایەبوونی سیستەمەکە و ناڕۆشنی و ناکۆکییەکی دەروونی لە خودی تیۆری دیموکراتی لیبراڵدا دروست دەکات و لە ڕەوتی جووڵەی دیموکراتییە لیبراڵەکاندا کێشمەکێشی سیاسیی گرنگ دەنێتەوە. بێجگە لە بەریتانیا کە هیچ قانوونێکی بنەڕەتی (دەستوور)، وە یان بەیاننامەی مافە فەردی و مەدەنییەکانی نییە.

ئەگەر ورد بنەوە، دەبینن کە باقیی نیزامە پەرلەمانییەکان بە گشتی پشتیان بە قانوونێکی بنەڕەتی بەستووە، کە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی شکڵگیری ئەم نیزامە لە هەر وڵاتێکدا نووسراوەتەوە و بڕیاری زۆرایەتیی ڕێژەیی نوێنەرانی پەرلەمان ناتوانێت دەسکاری بکات. هەر خودی هەبوونی قانوونی بنەڕەتی، ڕێک بەرتەسکییەکە خراوەتە بەردەم پرۆسەی دیموکراتی. ئەمە یانی ئەوەی کە ڕای ئەمڕۆی خەڵکی وڵاتێکی دەیان ملیۆنی بە بەراورد لەگەڵ بڕیارەکانی یەک سەدە پێش ئێستای پەرلەماندا، بە دەیەکی دانیشتوانی ئەمڕۆوە و بە هەبوونی مافی دەنگدانێکی یەکجار بەرتەسکترەوە بۆ تاکەکان، بە لاوەکی سەیر دەکرێت. زۆربەی خەڵکی ئەم نەوەیە سەر بۆ بڕیارەکانی ژمارەیەکی چەند قات کەمتری خەڵکی چوار نەوە پێش ئێستا شۆڕ دەکەن. لە تێڕوانینی دیموکراتییەوە، ئەمە بە ڕێگری و بەرتەسکییەک دادەنرێت، بەڵام لە تێڕوانینی لیبراڵیزمەوە، کە ئەحکام و ئایدیاڵەکانی خۆی لە دڵی خەبات و تێکۆشانێکی گەرمی کۆمەڵایەتی و سیاسیی سەدەکانی پێشوودا لە قانوونی بنەڕەتیی نیزامە پەرلەمانییەکاندا چاندووە، ئەوە بە دەسکەوت و زامنی مانەوەی ئازادیی فەردی و مەدەنی لە دیموکراتییە پەرلەمانییەکاندا دادەنرێت. ئەم ناتەباییە لەناو دیموکراتیی لیبراڵیدا دەبینرێت، چ وەک چەمکێک و چ وەک نیزامێکی کۆمەڵایەتی.




ئینتەرناسیۆنال: بەم شێوەیە کام یەک لەم دوو پایەیە، لیبراڵیزم، یان بیرۆکەی حوکوومەتی زۆربە، بە سەرچاوە و زامنی بنەڕەتیی ئازادی لە دیموکراتی پەرلەمانیدا دادەنرێت؟

مەنسوور حیکمەت: هەردووکیان و هیچ کامیشیان. بەپێی تیۆری حوکوومەتی بۆرژوایی لە سەرمایەداریی نوێدا، هەردووکیان زامنی ئازادین. لەڕووی کاری سیاسیی چینی بۆرژوازی و دەوڵەتەکەشییەوە، هیچ کامیان. لەڕووی تیۆرییەوە هەردوو پایەکە حەیاتین. دیکتاتۆرییەتێکی "خەڵکی و دڵسۆز" بە هەر ڕادەیەکیش پابەندی مافە فەردی و مەدەنییەکانی بێت، ناتوانێت بە ئازاد دابنرێت، چونکە ئەو مافە سەرەتاییەی کە بەپێی ئەو تاکەکەس بۆی هەیە لە مەسەلەی دەوڵەتدا بەشدار بێ. وە هەروەها پرانسیپی حوکوومەتی هەڵقوڵاوی ناخی خەڵک پێشێل دەکات. وە ئەمە یەکەمین لافی تێڕوانینی دیموکراتییانەیە لە بارەی ئازادیی سیاسییەوە، کە دەسەڵات لە ڕژێمی دیموکراتیدا لەدەست خەڵکدا دەبێت. لە لایەکی دیکەوە، هیچ شتێک ئەوە دەستەبەر ناکات کە زۆربەی خەڵک لە پرۆسەی دیموکراتیدا، کۆمەڵە بڕیارێک دەرناکەن دژی مافە سروشتی و سەرەتاییەکانی مرۆڤ بەو شێوەیەی کە لیبراڵیزم پێناسەیان دەکات. "ئیستیبدادی زۆرایەتی" چەمکێکە کە بانگبێژانی ڕێبازی لیبراڵی، وەک میل، لێی دەسڵەمێنەوە. هەر بۆیە لەڕووی تیۆرییەوە هەردووک ئەم بەشانە بۆ دیموکراتیی لیبراڵی حەیاتین و هەر وەک وتیشم ئایدیۆلۆژیی فەرمی، پێکەوە وەک بنەمای فیکریی سیستەمی سیاسیی سەرمایەداری ئەمڕۆ لە ئەورووپا و ئەمەریکا نیشانیان ئەدات. ئەو ڕاستییەی کە ئەمە ناکۆکییە، هەتا ئێستا لە تەبلیغاتی فەرمیی بۆرژوازیدا سەبارەت بە پایەکان و باشییەکانی نیزامی سیاسیی دەسەڵاتدار لە ڕۆژئاوا هیچ گیروگرفتێکی پێک نەهێناوە. بەڵام لەڕووی عەمەلییەوە بە قسەی بۆرژوازی، هیچ کام لەمانە چاوەڕوانیی ئەوەی لێ ناکرێت، سەرچاوە و زامنی ئازادیی خەڵک بن. بەڵکوو بۆ ئەوەیە کە حوکوومەتی چینایەتیی بۆرژوازی، یانی دیکتاتۆریی کەمایەتییەک، بە نێوی خەڵک و بە نێوی ئازادییەوە شەرعییەت پێ بدات. ئەگەر بێت و خەڵک بانگەشەی ئازادیخوازانەی هەریەکە لەم دوو بەشەیان لێ ببێت بە ڕاست، ئەو کاتە بۆرژوازی مانای ڕاستەقینەی ئەم دووانە لە ڕێگەی دەست بەسەرا گرتنیانەوە نیشان دەدات. لەم حاڵەتەدایە کە دووپایەییبوونی دیموکراتیی لیبراڵی خەسڵەتی عەمەلیی خۆی دەخاتە ڕوو. لە هەر جێیەک مەترسی ئەوە هەبووبێت کە خەڵک، یان نەوەیەکی ڕادیکاڵ، بۆ نموونە هەر ئەم پەرلەمانە نیوەناچڵە بۆرژواییە، سەنگەرێک بۆ بەدەستهێنانی بەشێک لە مافەکانی خۆی دروست بکات، بۆرژوازی سنوورداریی دەسەڵاتەکانی پەرلەمان و پیرۆزیی ئەو ئەحکامە لەپێشەوەییانەی کە لەژێر ئاڵای مافە فەردی و مەدەنییەکاندا ئیمتیازاتی چینایەتیی بۆرژوازی دەپارێزن، وەبیر هێناوەتەوە. لە هەر جێیەکیش جەوی ڕاستڕەوانەی کۆمەڵگە دەرفەتی ئەوەی ڕەخساندبێت کە پەرلەمان لە کۆنەپەرستانەترین باڵەکانی بۆرژوازی پڕ بێت، بچووکترین ئیمتیازیان بۆ ئازادییە مەدەنییەکان داناوە و لەژێر ناوی "ڕای خەڵک" و "حوکوومەتی خەڵک"دا سەرەتاییترین مافە سەلمێنراوەکانی ملیۆنەها مرۆڤیان پێشێل کردووە. گرنگی و خەسڵەتی دیموکراتی و لیبراڵیزم لە کارکردنی عەمەلیی حوکوومەتی بۆرژوازیدا لە ناوەڕۆکی ئازادیخوازانەی ئەم چەمکانەدا نییە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە لە جوودایی ئەم چەمکانە لە ئازادیی ڕاستەقینە و لە ڕێژەییبوون و چینایەتیبوونی تێگەیشتنی هەردووکیاندایە سەبارەت بە دەستەواژەی ئازادی.

**درێژەی هەیە**

# ئەحمەد عەلی: ئەو حزب و لایەنانەی کە پێیانوایە هەڵبژاردن چارەسەرە، خۆیان سەرچاوەی کێشەکانی هەرێم و سەرچاوەی وێرانکردنی کۆمەڵگەی کوردستانن...



## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ ئەحمەد عەلی هەڵسوڕاوی کۆمۆنیست و بزوتنەوەی جەماوەری سەبارەت بە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان...

**بۆپێشەوە: سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوای چوار مەرسوم بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمان، پێنجەم مەرسومی بۆسازدانی هەڵبژاردنی هەرێم دەرکرد و بەرواری ٢٠/١٠/٢٠٢٤ دیاری کراوە بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن، سەرەتا دەپرسین، ئایا هیچ زەمانەتێک هەیە هەڵبژاردن لەو کاتەدا بکرێت؟**

**ئەحمەد عەلی:** سەرەتا سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە.

زەمانەتی پرۆسەی هەڵبژاردن لە کوردستان وەک چارەنوسی هەریمەکە خۆی هیچ زەمانەتێکی نییە، هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە زەمانەتی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ناوچەکەوە هەیە. ئەوەی هەر ناوێکیتری لەبنرێت، واقعی نییە. هەرێمی کوردستان بە حکومەت و پەڕلەمان و حزبەکانیەوە، تەنیا وەسیلەیەکن بۆ بۆ پاراستنی ئەو بەرژەوەندیانە.

**بۆپێشەوە: مەرسومی ئەمجارەی سەرۆکی هەرێم دوای بێنەو بەردەیەکی زۆر و سەردانی بەغداو پاشان ئێران دەرکرا، چۆن دەروانە ڕۆڵی ئێران و وڵاتانی ناوچەکە لە پەیوەند بەهەڵبژاردنەکانەوە؟**

**ئەحمەد عەلی:** دەورونەخشی حکومەتی ئێران لەو ناوچەیە نوێ نییە، ئێران لە ٣٣ ساڵی ڕابوردوودا کاریگەری گەورەی بەسەر بڕیار و ڕوداوەکانی کوردستانی عێراقەوە هەیووە. ئەوان لایەنێکی گرنگ و بڕیار بەدەستن لە تەواوی عێراقدا، بەبێ پرس کردن بە حکومەتی ئێران زەحمەتە حزبی کوردی جەسارەتی بڕیاری هەبێت. سەرۆکی هەرێم بڕیاردەر نییەو تەنیا جێبەجێکەرە، بەرژەوەندی ولاتانی دراوسێ بە تایبەت تورکیا و ئێران چۆن بخوازێت، بەو جۆرە بڕیار دەدرێت. ڕۆڵی حکومەتی ئێران هیچ کات ڕۆڵێکی پۆزەتیڤ نەبووە، بڕیارەکانی، سیاسەت و هەڵوێستەکانی دژ بە خەڵکی کوردستان بووە، هەڵوێستی حکومەتی ئێران ناتوانێت و ناکرێت پێچەوانەی هەڵوێستەکانی بێ بەرامبەر کیشەی کورد لە ئێران و ستەمی میللی لەو وڵاتە، بۆیە هەر جۆرە چاوەڕوانی و باوەڕێک بەوەی کە دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی خزمەتیک بە خەڵکی کوردستان بکات یان لە بەرژەوەندی ئەوان کارێک بکات، هەڵەیەکی گەورەو و تیگەیشتنێکی ساویلکانەیە. پێچەوانەکەی دروستە، کە نەک تەنیا دژ بە خەڵکی کوردستان هەڵوێستی گرتووە، بەڵکو حزبی کوردی و بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی لە کوردستانی عێراقیشی خستۆتە خزمەتی مانەوەی دەسەڵاتی سێدارەی خۆیەوە. لە سەرکوت و هەڵوەشانەوەی حزبی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیش لە کوردستانی عێراق.

**هەرگیز هەڵبژاردن چارەسەری هیچ کێشەیەکی خەڵکی کوردستانی نەکردووە، لە ٣٢ ساڵی ڕابوردوودا بە کردار سەلماندیان کە حزب حوکمی کوردستان ئەکات، نەك پەرلەمان و هەڵبژاردن، لە باشترین دۆخدا، ئەکرێت هەڵبژاردن کێشەو ناکۆکی نێوان حزبەکان لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و سەروەتی هەرێمی کوردستان بڕێك ئارام بکاتەوە...**

**بۆپێشەوە: هەموو حزب و لایەنە سیاسیەکان هەڵبژاردن بە تاکە ڕێگای چارەسەری کیشەکانی ناوخۆی هەرێم دەزانن، چۆن دەروانە ئەو بۆچوونە؟**

**ئەحمەد عەلی:** هەموو حزب و لایەنە سیاسیەکان؟ پیموایە بەکارهێنانی )هەموو ( دروست نییە، چونکە حزب و لایەنیش هەیە کە بایکۆتی هەڵبژاردن ئەکات.

بەڵام هەرگیز هەڵبژاردن چارەسەری هیچ کێشەیەکی خەڵکی کوردستانی نەکردووە، لە ٣٢ ساڵی ڕابوردوودا بە کردار سەلماندیان کە حزب حوکمی کوردستان ئەکات، نەک پەڕلەمان و هەڵبژاردن، لە باشترین دۆخدا، ئەکرێت هەڵبژاردن کێشەو ناکۆکی نێوان حزبەکان لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و سەروەتی هەرێمی کوردستان بڕێک ئارام بکاتەوە، یانی ڕێککەوتنی تازەی نێوانیان ڕێکبخاتەوەو بەشەکانیان هەندێک ئاڵوگۆڕی تیادا بکرێ. ئەو حزب و لایەنانەی کە پێیانوایە هەڵبژاردن چارەسەرە، خۆیان سەرچاوەی کێشەکانی هەرێمی کوردستانن، ئەوان سەرچاوەی وێرانکردنی کۆمەڵگەی کوردستانن. ئەو بۆچوونە پێچەوانەی بۆچوونی خەڵکی کوردستان و بەرژەوەندییەکانیەتی. ئەو بۆچوونە خزمەت بە دەسەڵات و دژ بە ئامانج و خواست و ئومێدەکانی خەلکی کوردستانە بە ژیانێکی باشتر، ئەوان ساڵانێکی زۆرە بانگەشەی ئەم ڕزگار بوون و چارەسەرە ئەکەن، بەڵام واقعیەتی کۆمەڵگەی کوردستان پێچەوانەکەیەتی، قەیران و کیشەکانی هەریمی کوردستان دوو جۆرن، کیشەی حزبەکان و کێشەی خەڵک، ئەوان بە دوای چارەسەری کێشەکانی خۆیانەوەن لەسەر حساب و سفرەی خەڵکی ستەملێکراو. بەڵام هەر بە ڕاستی ئەوان ٣٢ ساڵە کیشەکانی نێوان خۆیان پێچارەسەر نەکراوە، ئایا ئیمکانی هەیە بیانەوێ و بتوانن کیشەی بیکاری، نەبوونی خزمەتگوزاری، بێ کارەبایی و تەنانەت کیشەی ئاوی خواردنەوە چارەسەر بکەن؟

**بۆپێشەوە: وەکو ئاشکرایە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم لە بەرامبەر بە دەسەڵاتی بەغدادا، پاشەکشەی زۆری کردووە تا ئەو ڕادەیەی سەرانی حزبەکان نایشارنەوە، کە قەوارەی هەرێم لە بەردەم مەترسیدایە، ئایا هەڵبژاردن دەتوانێت وەڵامدەرەوە بەو دۆخە بێت، بەر بە مەترسیەکانی دەسەڵاتی ناوەند بەسەر هەرێمدا بگرێت؟**

**ئەحمەد عەلی:** هۆکاری مەترسی سەر قەوارەی هەرێم، پاشەکشەی حکومەتی کوردی نییە، بەڵکولاوازبوونی پێگەی حزب و دەسەڵاتی کوردییە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، حکومەتی ناوەندی و پێکهێنەرانی دەسەڵاتی بەغداد ئەو حەقیقەتە ئەبینن بۆیە ئەتوانن فشارەکانیان بۆ سەر حزبی کوردی زیاتر بکەن. یانی جێگەوڕێگەی لاوازی حزبەکان لە کوردستان هۆکاری بە هێزە حکومەتی ناوەند و گوشارەکانیەتی. ئێستا خەڵکی کوردستان هەمان بۆچوونی ٣٠ ساڵ پێش ئێستایان نییە، ئێستا ئیتر حزبە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن ناتوانن باوەڕ بە خەڵکی کوردستان بکەن کە ئەوان ئامانجیان باشترکردنی ژیانی ئەوانە، ناتوانن باوەڕ بە خەڵکی کوردستان بێنن کە پەڕلەمان دەسەڵاتی هەیە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هیچ متمانەیەک لە نێوان خەڵک و کاندیدی پەڕلەمان و حزەکانیاندا نەماوە. بۆیە ڕاستیەکەی ئەوەیە کە جێگەو پێگەی ئەوان لە ناوەند کەوتۆتە مەترسیەوە ئەگەر نا ئەوە ٣٣ ساڵە ژیانی خەڵکی کوردستان لە مەترسیدایە.

**هەڵبژاردن لە کوردستان گاڵتەجاڕیە، نە پەڕلەمان و نە پەڕلەمانتار ناتوانن و دەسەڵاتی هیچ ئاڵوگۆڕێکیان نییە. هەڵبژاردن یارییەکی ناشیرینی دەسەڵاتی کوردیەو تەنها شەرعیەتدانە بە ستەم و تاڵانکارییەکانیان، هەڵبژاردن لە کوردستان مافی دەنگدانە بۆ ئەوەی ستەم وچەوسانەوە بەردەوامی هەبێ...**

**بۆپێشەوە: لە پێنج خولی هەڵبژاردنەکانی هەرێمدا، دەستاو دەست پێکردنی دەسەڵات روینەداوە هەرێم هەر دابەشی دوو زۆنی و دوو دەسەڵاتە" پارتی و یەکێتی" لاتان وایە ئەم هەڵبژاردنە دەتوانێت ئاڵوگۆڕێک بەدوای خۆیدا بهێنێت و دیزاینی سیاسی هەرێم بگۆرێت؟ لاتان وایە پارتی و یەکێتی، لە هەڵبژاردنەکاندا مل بەدوڕان بدەن و دەسەڵات رادەستی هێزی براوە بکەن؟**

**ئەحمەد عەلی:** ئاڵوگۆڕ؟ هیچکات ناتوانێت، دوای ٣٣ ساڵ توانیویانە تەنانەت یەک کیشەی خەڵکی کوردستان چارەسەر بکەن؟ دەسەڵاتی کوردی لە کوردستانی عێراق، بە تایبەت پارتی و یەکێتی دەسەڵاتێکی خۆسەپێنە، ئەوان ڕووبە کۆمەڵگەش خۆیان لەو حەقیقەتە نەشاردۆتەوە کە ئەگەر کورسیەکیش نەهێنن دەسەڵات تەسلیم ناکەن. پارەو چەک لای ئەوانە، نانی خەڵکیان بە بارمتە گرتووەو بۆ بەشێک لە بەرامبەر دەنگداندا ئازادی ئەکەن. بۆ نمونە، دەورونەخشی بزوتنەوەی گۆڕان لە پەڕلەماندا بۆ خەڵکی کوردستان

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ئەزموونێکی تازە و ڕۆشنە، ئەوان نزیک بە نیو ملیۆن دەنگیان هێنا، بەڵام وە ٢٥ کورسی پەرلەمانیان هەبوو، خۆیان سەرۆکی پەرلەمان بوون، بەڵام پارتی سەرۆکی پەرلەمانی شاربەدەر کرد، وە تەنانەت مافی ئەوەی نەبوو بڕواتە ناو هەولێرەوە، ئەم ڕوداوانە و هەزارانیتر پیمان ئەڵێت هەڵبژاردن لە کوردستان گاڵتەجاڕیە، نە پەرلەمان و نە پەرلەمانتار ناتوانن و دەسەڵاتی هیچ ئاڵوگۆڕێکیان نییە. هەڵبژاردن یارییەکی ناشیرینی دەسەڵاتی کوردیەو تەنها شەرعیەتدانە بە ستەم و تاڵانکارییەکانیان. هەڵبژاردن لە کوردستان مافی دەنگدانە بۆ ئەوەی ستەم وچەوسانەوە بەردەوامی هەبێ. کاتێک سیستەمی سیاسی لە کوردستان ئاڵوگۆڕی تیائەکرێت، هیزەکانی ناو پرۆسەکە هێزی خەڵک و لە دەرەوەی ئامانجی دەسەڵات بێت. بەڵام بە داخەوە لە کوردستان شەڕی بەرژەوەندی حزبی و شەڕی داهات و تاڵانکردنی کوردستانە.

خەڵکی کوردستان پێویستە لەوە تێبگەن، کە ئەوان تەنها مافی ئەوەیان پێداون کە بیانکەنەوە بە سەروەری خۆیان نەک دوریانخەنەوە لە دەسەڵات، پێویستە بیریان نەچێ کە هەر کات داوای مافیان کردبێ، خەڵتانی خوێن کراون..

بەشداری نەکردن و بایکۆت کردنی هەڵبژاردن و دەنگدان، پێویستی بە هۆشیاری نییە، بە سادەیی وایە ئەوە ٣٣ ساڵە تیرۆر و ئەتک ئەکرێن، برسی و بێکار ئەکرێن و نانی دەمی مناڵەکانیان ئەدزن و ئەچەوسێنەوە، ئەو هۆکارانە هەزارجار لەوە زیاترە کە نەک نەیانکەنەوە بە سەروەری خۆیان، بەڵکو ڕایانماڵن و خۆیان لەم دۆزەخە ڕزگارکەن.

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕوانە ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن بەتایبەتی نەوەی نوێ کە بەڵێنی گەورە بەخەڵکی کوردستان دەدات؟**

**ئەحمەد عەلی:** لە مێژووی ئەم ٣٣ ساڵەدا بینیمان کە ئەوانەی بە ناوی ئۆپۆزسیۆنەوە هاتن و بانگەشەی ئاڵوگۆڕیان کرد خۆیان بوون بە بەشێک لەو کارەساتانەی بە سەر خەڵکی کوردستاندا هات، شتێک بە ناوی ئۆپۆزسیۆن لەناو ئەو حزب و لایەنانەدا نییە کە بەشداری ئەم پڕۆسەیەن، هەر چەند ساڵ جارێک کۆمەڵێک بە پارەی تالانی و دەسەڵاتیان لێ ئەسەنرێتەوە دێن و خۆیان وەک فریشتەی نەجاتی خەڵکی کوردستان نیشان ئەدەن، بە ڕاستی گاڵتەجاڕیە، گۆڕانکاری لە سایەی ئەم حزبانەدا قسەیەکی پووچە، درۆیەکی بێ مانایە.

نەوەی نوێ، ناشیرینترین جۆری ئەم ئۆپۆزسیۆنە پووچەیە، بازرگانەکان ناتوانن ڕزگارکەری خەڵکی کوردستانبن، بازرگانەکان لە ڕوانگەی سەرمایە و قازانجەوە دونیا ئەبینن، بۆیە نەوەی نوێ فێڵ و یارییەکیترە کە بە خەڵکی کوردستان ئەکرێت. سەرنج بدەن، نەوەی نوێ چی قسەیەکی لەسەر ئازادی هەیە؟ لەسەر خۆشگوزەرانی خەڵک؟ لەسەر کۆمەڵگەیەکی ئازاد؟ ئەگەر هەر جێگەو شوێنێک بە دەست بێنێ ئەوا، نەوەی نوێ بەشێکی دانەبڕاوی بزوتنەوەی سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستانە لە داهاتوودا.

**بۆپێشەوە: تا هاتووە بەشداری کردنی هاوڵاتیان لەهەڵبژاردنەکاندا کەم بۆتەوە، هۆکاری بەشداری نەکردنی خەڵک چییە؟ لاتان وایە ئەمجارەش زوربەی زۆری هاوڵاتیان بەشداری هەڵبژاردنەکان ناکەن؟ ئەگەر خەڵک بەشداری هەڵبژاردنەکان نەکەن، دەبێ چی بکەن و بەدیلی هەڵبژاردن چییە؟**

**ئەحمەد عەلی:** ناوەڕۆکی حزبی کوردی، ناوەڕۆکی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد بۆ بەشێکی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان ئاشکرا بووە، بە هەموو بزوتنەوە قەومی و دینیەکانەوە، بە هەوڵی دەیان و سەدان حزب و ڕیکخراو و خەرجکردنی ملیۆنان دۆلار لە بانگەشەکانیاندا، هێشتا ناتوان لەسەدا بیستی خەڵک ببەنە سەر سنوقەکانی دەنگدان، ئەمە شکستی ئەوان و هۆشیاری کۆمەڵگەیە. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان نەک خوازیاری دەنگدان و مانەوەیان نین، بەڵکو دەیان و سەدان نارەزایەتی لە شوێنە جیاوازەکانی کوردستاندا دژ بەمانە سەری هەڵداو سەرکوت کرا، مەبەستمە بڵێم لە کەمترین دەرفەتتدا ئەگەر بێتە پیشەوە، ئەوا ئەمانە ڕائەماڵرێن، مێژووی سەرکوت، کوشتن، مێژووی دەسەڵاتە خۆسەپێن و چەوسێنەرەکان لە شوێنێکدا کۆتایی پیدێت، خەڵکی کوردستان چاوڕێی ئەو دەرفەتەیە. ئەوەی کە پێویستە بکرێت، لە جەرگەی هەموو هەلومەرجێکی ئاوا قورسی کۆمەڵگەدا، لە هەموو بارودۆخێکدا، یەکخستنی بزوتنەوەی نارەزایەتی لە ئاستی سەراسەری کوردستاندا و کارو خەبات بۆ لە سەرکار لابردنی ئەم دەسەڵاتە ئەرکی هەموو ئەو کەسانەیە کە نایانەوێ لەوە زیاتر کۆمەڵگەی کوردستان وێران بکرێت.

**لە مێژووی ئەم ٣٣ ساڵەدا بینیمان کە ئەوانەی بە ناوی ئۆپۆزسیۆنەوە هاتن و بانگەشەی ئاڵوگۆڕیان کرد خۆیان بوون بە بەشێك لەو کارەساتانەی بە سەر خەڵکی کوردستاندا هات، شتێك بە ناوی ئۆپۆزسیۆن لەناو ئەو حزب و لایەنانەدا نییە کە بەشداری ئەم پڕۆسەیەن....**

**نەوەی نوێ، ناشیرینترین جۆری ئەم ئۆپۆزسیۆنە پووچەیە، بازرگانەکان ناتوانن ڕزگارکەری خەڵکی کوردستانبن، بازرگانەکان لە ڕوانگەی سەرمایە و قازانجەوە دونیا ئەبینن، بۆیە نەوەی نوێ فێڵ و یارییەکیترە کە بە خەڵکی کوردستان ئەکرێت. سەرنج بدەن، نەوەی نوێ چی قسەیەکی لەسەر ئازادی هەیە؟ لەسەر خۆشگوزەرانی خەڵك؟ لەسەر کۆمەڵگەیەکی ئازاد؟**

***************

# کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

**بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ ڕووبەڕوبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...**

**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەلات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبیژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..**

bpeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net

## درێژەی...(ئەزمونگەریی و نوێگەریی لە زمانی شیعر)دا

(قاسم تاباک) شاعیری بە توانای لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان....

نوێگەرو نوێخواز وە، بەسەلیقەیی و خولقێنەرێکە لە زمانی ئەدەبێکی زۆر جیاوازدا لە بواری کورتە شیعریدا .

وشکەساڵی

بەڕێوە بوو

کچ

بوو

بە

گەنم

ئەو

ئێوارانەی

هەورن

سوور

دەکێشرێنەوە.

شاعیر زۆر وردتر بەدەست و بردتر لە وێنە کێشەکان، وێنای ئاسمان و ڕۆژ و سرووشتت بۆ ڕەنگاڵە دەکات و پێناسەیەکی تراژیدیاـ ئاسا، باس دەکات، زمانێکی جەستیی وشە بەکا دەهێنێت کە هەر کۆپلەیەک بخوێنیتەوە وشەکان سەمایەک دەکەن کە دەیانەویت بێنە زمان .

لە دیدی شاعیردا گەر، ئێوارەیەک، بە سووری ببینێ ئیدی ئەو تێدەگات کە خوێنی جەستەی کەسێکی ناو نیشتمانەکەیە بۆیە وا ئاسمان سوو دەنوێنێ.

بۆیە دەڵێت :

تفەنگەکانی

سەر شان

تابووتێکی

گۆر

غەریبن

لە هەڵبژدنی فکر و خەباتدا

ئەو باس لە جۆری هەڵبژاردەیی فکر

ناکات کە چ جۆر بیرێک ئەتوانێت بۆ نیشتمانی ژێردەستەی ڕزگارکەربێت، بەڵام باس و لەدەست و ئخەیە دەکات کە دەبێت تفەنگی بۆ بکرێتە شان تاکو ئازادی بپێکیت.

هەر بۆیە ئەو لەواقیعتەوە ئەدوێت و دەڵێت کە هەڵگری تفەنگ لەشان بۆ داکۆکیکردن لێی گۆڕ غەریبت دەکات، مەنزوری لەوەیە کە لەجێێ شەهید دەبێت و بەخاکی غەریب مەئوایی کە لەدایک بوونتە گۆڕ ون دەبیت.

هەر بۆیە شاعیر بەرەو واقیعەتیەک دەبات کە دورمان دەخاتەوە لە ئەفسانەیی کە خەیاڵ بۆی بکێشێت.

فڕیم

بە سنور بڵێن

جازبەی

نەماوە

دیسانەوە... بە کۆپلە شیعرێک بەگوێی سنوردا دەدات و پەیامێکە و بە باڵەکانی فڕێندا دەینێرێت، دەزانێت فڕین لە هەستێکەوە پەیدادەبێت کە ناخی دەروونە تێکشکاوەکانن و داگیرکردنی بیرو ئازادی تاکەکەسییە لە ژیاندا دەبێت خۆی لە زنجیرو بەندکردنی ئەقڵی داگیرکراوی ڕزگار بکات بۆیە وا ئیتر جازبەی نیوان هیچ شتێک بۆ ڕاکێشان کەریگەریەکەی سفر دەکاتەوە.

لە یەقینەوە بۆ نا یەقینی ڕا گوزردەکات، کە باچیتر خاک و نیشتمان لەبەر سنووریکی دەستکرددا با نیشتمانەکەی ئامادەبێت کە ڕۆژێک دێ ئەوسنووره هەڵدەوەشێندێتەوە، بۆیە شاعیر بڕوای بە یەقینیەت جێگیرە هەر دەبێت کە بگۆڕێن .

ولاتم نەبای

پێشمەرگە

دەبووم؟

شاعیر جگە، لە سەدان "

کۆپلەی کورتە شیعری بۆ نیشتمان □

لەگەڵ ئەوەشدا باوەش و ئامێزی نەرمی بۆ دونیای ڕۆمانسییەت گرتۆتەوە..

بە بڕوای من هیچی کەمتر نییە، لە شیعری شاعیرکی وەک (نزارقەبانی) و هەزارانی تر کە لە میلودیەکی چەند بڕگەیدا و کە بۆنی سێبەری دار سنۆبەرێک و تیشکی مانگە شەوێک و ڕامان لە دورترین خەیاڵ و هێنانەوەی یادو یادەوەری وەکو باڵکێشانێک بەسەر ڕابردوودو بە ئێستاشەوە لەناو بوونێکدا باڵە فڕی ناو شینی ئاسمانن، وە بەجوانترین تۆنێکی ڕتمی وشە مۆزیک و ناسکتر بەو هەوایەی ناوسینەو دەرخستەیی تۆنێکی شاراوەیی ناو دڵ و ژێر لێو وگەرو وەوە کە پڕە لە و هەستە بزوێنەرانە کە مرۆڤ تێیدا خولقێنراوە، کە بە شێوەیەک باس لە عەیشق دەکات مرۆڤ بەو دو دێڕە دەباتە جیهانی خۆیەوە.

وەرە مانگ

بۆ خودا

بنێرینەوە

لە هەر شتەی

یەک دانە

جوانە

ولاتم نەبای

پێشمەرگە

دەبووم؟

هەڵپەڕینیم

لێ جوانە و چۆپیش

دەسماڵەکەم

شوێنێ

دە

کە

وێ

مەسیح بزانێ

چەندم خۆشدەوێ

دەمکا

بە خاچ

بە گەردنتا

هەڵمدەواسی

**(قاسم تاباک)**

## درێژەی دوا وتە

لەوکاتەوە تا ئەمڕۆ باڵانسی هێز و قەڵەمرەوی دەسەڵات بە سودی پارتی شکایەوە. ئێستاشی لەگەڵ بێت، سەران و کادرانی پارتی، شانازی بەهێنانی سوپای بەعسەوە دەکەن. و دەزانن کە ئەمە عادەتی بزوتنەوەکەیانە. دیارە پێداگری و شانازی کردنی پارتی بە ٣١ ئابەوە، هەر لەبەرئەوەیە نییە، کە توانیان باڵانسی هێز بەسودی خۆیان بگۆڕن و قەڵەمرەوی دەسەڵاتی زیاتر بەدەست بهێنن، بەڵکو بە ئاشکرا ڕاگەیاندنی ئەوەیە کە هەر کاتێک پێویست بکات، بۆ پاراستنی دەسەڵاتیان، یان بۆ ڕاگرتنی باڵانس و لە دۆخی تایبەتیشدا بۆ فراوانکردنی قەڵەمڕەویی زیاتر ئامادەن دەیان جاری تریش دەستەو دامێنی هێزی دەرەکی و بەتایبەتیش وڵاتە دیکتاتۆرو فاشیەکانی ناوچەکە ببن.

دیارە ئەوە یەکەمین جار نەبوو کە پارتی و یەکێتی و حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، دەست بخەنە ناو دەستی سوپای داگیرکەرانی کوردستان و دەستی پاڕانەوەیان بۆ درێژ بکەن، بەڵکو ئەوە تەنها گۆشەیەک و ئەڵقەیەکە لە زنجیرەی نۆکەرایەتی بەردەوام و مێژوویان بە دەوڵەتە دیکتاتۆرو دڕندەکانی ناوچەکەوە. تازەترینیان تاوانی شەنگال و پاشان ١٦ ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ یە... لەوانەش واوەتر بەردەوامی دانە بە وابەستەیی و خۆبەستنەوە بەو دەوڵەتانە و ئامادەیی هەمیشەیی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتییە پێیانەوە.

بەجیا لە پارتی و یەکێتی سەرجەم حزبەکانی تری سەر با خانەوادەی بزوتنەوەی بۆرژوازی کورد، چ ئەوانەی ڕۆڵی ئۆپۆزیسۆنیان گێڕاوە یان لەگەڵ دەسەڵات بوون، چونکە خۆشیان بەشێک لەهەمان نەریتی بزوتنەوە بزوتنەوەی کوردایەتیین و کیشەکی جدیان لەگەڵ ٣١ ئاب و ئابەکانی پارتی و یەکێتی نەک نییە، بەڵکو خۆیان و سەرانیان کارنامەی نۆکەرایەتیان هەیەو لەجەنگی ناوخۆشدا بەشدار و قارەمانی!! شەری نێوان حزبەکان بوون و تۆمەتباری ناو ئەو جەنگەی دەسەڵاتەن، بۆیەشە ئەو خۆشخزمەتی و نۆکەرپیشەیەی پارتی و یەکێتی بۆیان ئاساییە.

حکومەت و پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەریش، چونکە تەنها کارتۆن و دیکۆرێکن، ئێستاشی لەگەڵ بێت، شەری ناوخۆیی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی و حزبەکانی تریش، بەو هەموو قوربانی وماڵوێرانی و ئاکامە وێرانکەرەوە کە بوویانە، لێکۆڵینەوە لەو جەنگانە، لەکەسانی بڕیادەر و بەشدارانیان نەبۆتە مەسەلە بۆیان و میشێش میوانیان نییە، ئەوەش ئەو ڕاستیە سەدبارە دەسەلمێنێتەوە کە حکومەت و پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەری تەنها ماشێن و دەزگای حزبە دەسەڵات بەدەستەکانن و توانستی هیچ بریار و لێپرسینەوەیەکیان لە حزبەکان نەبووەو نییە.

دوای ٢٨ ساڵ بەسەر ٣١ ئابدا، هیشتا ئاسەوارەکانی جەنگ ماوە، بە جیا لەوەی هیشتا هەریمی کوردستان دوو زۆنی دوو دەسەڵاتییە، هیشتا دەیان خێزان لە درێژەیی ئاوارەیی ناوخۆیدا دەژین، هیشتا دەیان و سەدان کەس کەم ئەندامن و بەدەست برینی جەنگی دەسەڵاتەوە دەناڵێنن، هیشتا دەیان و سەدان خێزان لە چاوەڕوانی دەرکەوتنی چارەنووسی ئازیزانیاندان کەلەم جەنگی نەگریسی دەسەڵاتەدا بێ سەروشوێنن.

خەڵکی کوردستان و بەشی پێشرەو و هۆشیاری کۆمەڵگە، ئازادیخوازان و ئینسان دۆستان، ئەرکیانە دۆسیەی جەنگی دەسەڵاتی ناوخۆیی بەدەستەوە بگرن و داوای لێکۆڵینەوە لە تۆمەتبارانی جەنگ، لە دیل کوژ و ونکردنی دەیان و سەدان چەکدار، بەدەستەوە بگرن و لەوەش زیاتر بەدوای چارەنووسی ئەو سەدان ئینسانەدابن کە تا ئیستا کەس و کار و ئازیزانیان چاوەڕوانیانن و چارەنوسیان لەدەستی پارتی و یەکێتی ون کراوە. ئەگەر ماون لەکوێن و ئەگەر مردوون و کوژراون گۆڕەکانیان لەکوێیە؟

دۆسیەی شەری دەسەڵاتی پارتی و یەکیتی و حزبەکانی تری بزوتنەوەی کوردایەتی و نۆکەرایەتیان بۆ وڵاتانی ناوچەکەو ئەو دەرئەنجامانەی کە بەدوای خۆیدا هێناوە، لەلایەن خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانەوە دۆسیەیەکی کراوەیە و بەکراوەیش دەمێنێتەوە، تا ئەوکاتەی لە دادگایەکی عادلانە و سەربەخۆیی مەدەنیدا، تۆمەتبارانیان، بەسزای یاسایی خۆیان دەگەیەندرێن.

**عەبدوڵا مەحمود**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

ڕێبوار حەمە شەریف، بەندی عەلی، وریای رەسام، ئەحمەد عەلی، کاوان قادر، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحموود،عامر سایبر، توانا حەمە نوری، ژمارەیەک ژنی نارازی...

## دۆسیەی ژمارە "هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان"؟

دوا وتە

# لە ٢٨ هەمین ساڵیادی ٣١ ئاب و جەنگی دەسەڵاتی ناوخۆییدا...

دوێنێ ٣١/٨/٢٠١٩ بیست هەشت ساڵ، بەسەر هینانی سوپای بەعسدا بۆسەر کوردستان، لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە تێپەربوو.

ڕۆژی ٣١ ئاب تاوانی پەلکیشکردنی سوپای بەعسە بۆسەر کوردستان، تاوانی دوبارە و چەندبارەو دەیان بارەی خۆشخزمەتی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانیەتی بە وڵاتە چنگ بەخوێنەکانی ناوچەکە.

لەناو جەرگەی شەڕی نەگریسی پارتی و یەکیتی و لەسەر دەسەلات و پاوانکردنی قەڵەمرەویی دەسەڵاتی زۆرتردا، دەوڵەتەکانی ناوچەکە بەشێک بوون لە جەنگ. بەشداری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئەو وڵاتانە لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیان و جێ پێ قایمکردنیان بوو لە دۆخی سیاسی کوردستانی سەرگەردان و بێ ناسنامەی حقوقیدا.

پارتی و یەکێتی، کە جەنگی دەسەڵاتی ناوخۆیی بڕستی لێ بریبوون و ڕۆژانە جۆگەلەی خوێنی چەکدارەکانیان زۆرتر دەبوو، بۆ یەکلاییکردنەوە جەنگەکەیان بە قازانجی خۆیان، دەستەو دامێنی هەردوو دەوڵەتی ئیران و... عێراق بوون. یەکێتی نیشتیمانی کەوتە پێش لەشکردی سوپای پاسداران و لەبەرامبەریشدا پارتی دەستەو دامێنی سوپای دڕندەی بەعس بوو. لەچوارچێوەی ئەم جەنگی دەسەڵاتی ناوخۆیەدا چ ئێران و تورکیا و چ دەوڵەتی عێراق، خوازیاری خوین بەربوونی فراوانی خەڵکی کوردستان بوون. لەوەش زیاتر پێوستیان بەوە بووە کوردستان وەکو پایەگایەک بۆ ململانیی نێوانیان و گەڕان بەدوای بەرژەوەندیەکانیاندا، کەڵک لێوەربگرن.

لەدڵی وەها هەلومەرجێکدا بوو کە پارتی لەبەرامبەر بە خۆشخزمەتی و پێش لەشکری یەکیتی بۆ سوپای پاسدارانی ئێران، دەستی سوپای بەعسی گرت و پەلکیشی پایتەختی کوردستان!! کرد و "حکومەت و پەرلەمانی"!! عەزیزیان!! کردە دوو تەیری قەڵبی ژێر پۆستاڵی سوپای بەعس. لەو بەرامبەرکێی و خۆشخزمەتی و نۆکەرایەتیەدا بۆ ڕاگرتنی باڵانسی هیز و فراوانکردنی هەژموونی دەسەڵاتداریێتیاندا، خەڵکی کوردستانیان توشی کارەساتێکی تر کرد. لەو جەنگە نەفرەتییەی دەسەڵاتدا، بەجیا لە کوژران و بریندابوونی هەزاران لاوی چەکداری ئەو حزبانە، بێ سەروشوێن بوونی هەزارانی تر و ئاوارەیی و... پارتی و یەکێتی دەستیان لەهیچ کردەوەیەکی دژە ئینسانی لەبەرامبەر یەکتریدا نەپاراست. تەنانەت ئەگەر ئەوکاتە چەکی کیمیایی یان بایۆلۆژیان... هەبوایە ئامادەبوون بەکاری بهێنن. بەدەیان هەزار کەسی بێ چەکی لایەنگرانی حزبەکانیان ئاوارەو دەربەدەر کرد. بەدەیان و سەدان دیلیان بەشێوەیەکی دڕندانە کوشت، چارەنووسی هەزاران کەسی تری چەکدارییشیان بەڵێڵی هیشتەوە و تائیستاش چارەنووسیان نادیارە. بەشێکی زۆر لە کادر و ئەندامانی حزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی عێراق و ئیران و تورکیایان قەسابی کرد، یان ڕادەستی سوپای بەعس و جمهوری ئیسلامی... کران. کەشی ترس وتۆقاندنیان زاڵ کرد، ئاوارەیان لەهەرێمی کوردستاندا کردە دیاری دەسەڵاتیان و داسەپاند، تیرۆری سیاسیان چەند بەرابەر کرد، هەرچی سوکایەتی و فەرهەنگی جنیوسازییە، خستیانەگەر و لەدەزگا ڕاگەیاندنەکانیانەوە بێ شەرمانە پەخشیان دەکردەوە. بەڵی لەو جەنگەدا و دوای پەلکیشکردنی سوپای بەعس، پارتی توانی هەولێر لەدەستی یەکیتی دەربهێنێت و دەسەڵاتی خۆی بە پشتیوانی سوپای بەعس دابسەپێنێت.

بۆ لاپەڕە 13


# THE GOAT LIFE



تەواوی خەبات و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی سەدان ساڵەی کورد، ئەوەندەی 2 سەعات و 51 دەقیقە لە فیلمی "حیاة الماعز" یاخود بزنە ژیان، کاریگەری و دەنگدانەوەی نەبووە لەسەر ئاستی جیهان! خۆم لە قەرەی ئەو کارە سینەمایيە زۆربالأیە نادەم، ناچمە نێو کاریگەری ناوەڕۆک، هەڵبژاردنی لۆکەیشن، بلیمەتی دەرهێنەر، لێهاتویی سینارست، بەرزی ئاستی وێنەگران، مۆزیکی زۆر کاریگەر و گونجاو، تواناکانی شاکەسی فیلم و هتد... بەڵام بڕوانن کارێکی هونەریی هندیەکان چ واتەوات و ژاوەژاوێکی ناوەتەوە لەجیهاندا. ئێمەی کورد، ئەگەر لەبری ئەو هەموو بەناو شۆڕشەی ئێستا و ڕابردوومان، تەنها ئاوڕێکی جدیمان لە بواری هونەر بدایەوە بەسمان بوو بۆ توێشوی ئەمڕۆ، لەبری ئەوەی بە پاساوی دەوڵەتداری و دیموکراسی و سەربەخۆیی و قسەی قۆڕەوە، دەستگیرۆیی دوژمنان بکەین بۆ کوردکوژیی، لەبری ئەوەی بەناوی حکومەتێکی درۆینەوە خاک و خۆڵی نیشتمان هەڕاج بکەین، تەنیا یەک فیلمی سینەمایی تۆکمەمان لەسەر خۆپیشاندانەکەی 6 ئەیلولی 1930 بەر دەرکی سەرای سلێمانی دەرهێنابا پێویستمان بە ڕیفراندۆمیش نەدەبوو، ئەوە ئێتر باسی گەورەیی مەرگەساتی ئەنفال و کیمابااران کردنی هەڵەبجە و کۆڕەوەکە هەر ناکەم.. تەماشاکەن، چۆن بە چوار ئاکتەر توانیویانە جیهان بشڵەقێنن، ئەوەتە لە هەموو کون و قوژبنێکی ئەم سەر زەمینە باس هەر باسی (نەجیب) و (وەکیل)ە.. ئێمەش لە باشوری کوردستان، تازە بەتازە زوڕنای 31 ی ئاب و دەهۆڵی 16 ی ئۆکتۆبەر و نوزەنوزی نەبوونی مووچە و ئاو و کارەبامانە، تازە بەتازە ناوی حیزب و سەرۆک حیزب و کوڕی سەرۆک و کوڕەزا و وەچەکانیان بە گوێی جیهاندا دەدەین.

ئارام حەسەن

## هۆنراوەی شاعیر بەندی عەلی



زۆر وڵاتی ترم دیوە،
زیاتر لەنیو سەدەی عومرم
دێـتەوە یاد... وەکو دوێنێ !
وەلێ هیچ کات ..
نانزی بێ شەرەفی وەك
ئەمـانـەی ئەمرۆم نەدیـوە،
لە هیـچ شـوێنێ .. !!
( جیاوازی )
.........................

دیسان بەزمی شوان و مەڕە !
مەڕ گوێڕایەڵ،
شوکرانەبژێرو بێ وەی،
لێ، بێزارکەر بە باعە باع ..
شوانیش، درۆزن و کەڕە
دیسان بەزمی شوان و مەڕە !

(نەفرەتی مێژووی شوانکارەیی)




دوو بەرهەمی نوێی هونەرمەند وریای رەسام

